گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/hwsy1k10

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 10/05/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 02/09/2025
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 20/03/2026

# هۆكار و كاریگەرییەكانی پەیڕەونەكردنی بنەمای ساڵانە لە یاساكانی بودجەی گشتی فیدراڵی عێراق "توێژینەوەیەكی وەسفی شیكارییە"

حمدامین محمد مصطفی[1] - هێمن ڕەسول مراد[2]
hemin.murad@uor.edu.krd – aminhama68@gmail.com
[1+2]بەشی یاسا، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە**

بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی یەكێكە لە بنەما ڕواڵەتییەكانی بودجەی گشتی، كە مەبەست لێی ئامادەكردنی بودجەی گشتییە لە دەوڵەتدا بۆ یەک ساڵی دارایی. ئەم بنەمایە گرنگییەكی زۆری لە بوارەكانی سیاسی، دارایی و ئابوری هەیە؛ بەجۆرێک لە ڕوی سیاسییەوە گرەنتی چاودێری بەردەوامی كارەكانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن دەكات لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە، لەڕوی دارایی و ئابوریشەوە؛ بنەمای ساڵانە دەبێتە هۆی وردی و ڕاست و دروستی خەمڵاندنی خەرجی و داهاتەكانی دەوڵەت، هەروەها پەیبردن بەو گرفتە ئابورییانەی كە ڕوبەڕوی ئابوری وڵات دەبنەوە بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێوشوێنی چارەسەركردنیان.

ئەم توێژینەوەیە كە لە ژێر ناونیشانی هۆكار و كاریگەرییەكانی پەیڕەونەكردنی بنەمای ساڵانە لە یاساكانی بودجەی گشتی فیدراڵی عێراقە، كێشەی سەرەكی توێژینەوەكەش ئەوەیە كە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ بەدەست پابەندنەبون بە بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی دەناڵێنێت، هەربۆیە توێژینەوەكە هەوڵیداوە لە سێ تەوەرەی جیاوازدا و بە بەكارهێنانی میتۆدی وەسفی شیكاری بنەمای ساڵانە و مێژوی سەرهەڵدان، پاساوەكانی كاركردن و هەڵاوێردەكانی بنەماكە، لەگەڵ هۆكار و كاریگەری و لێكەوتە نەرێنییەكانی كارنەكردن بە بنەماكە شیبكاتەوە.

لە كۆتاییدا توێژینەوەكە گەیشتوە بە چەند ئەنجامێک؛ سەرەڕای بونی گرنگی و پاساوی پەیڕەوكردنی بنەماكە و دەقی یاسایی لەبارەیەوە، بەڵام چەندین جار ئەو بنەمایە پێشێلكراوە، سەرئەنجام كاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنی سیاسی، یاسایی، كارگێڕی، دارایی، ئابوری، كۆمەڵایەتی و چەندین لایەنی دیكەی وڵات هەبوە، بەنمونە بۆتە هۆی زیانگەیاندن بە سیستەمی ئابوری و دارایی و ئاسایشی یاسایی و كردەوە كارگێڕییەكان و لاوازكردنی دامەزراوەكانی دەوڵەت، بەرزبونەوەی ڕێژەی بێكاری و هەژاری، دواتر توێژینەوەكە چەندین ڕاسپاردەی خستوەتەڕو بە ئاڕاستەی هەمواری دەستور و یاسا پەیوەندیدارەكان و خستنەڕوی چارەسەری كۆمەڵێک كێشە و لابردنی لەمپەرەكانی بەردەم پەیڕەوكردنی بنەماكە بە مەبەستی خۆلادان لە كاریگەرییە خراپەكانی كارنەكردن بە بنەمای ساڵانە.

**كلیلە وشـەكان:** بودجەی گشـتی، بنەمای سـاڵانەی بودجەی گشـتی، دواكەوتنی ئامادەكردن و پەسـەندكردنی بودجەی گشتی، نەبونی بودجەی گشتی، بودجەی مانگانە، بودجەی ماوە مامناوەند.

# The Causes and Effects of Non-Compliance with the Annual Principle of the Public Budget in Iraqi Federal Law: A Descriptive and Analytical Research

**Hamadamin Mohammed Mustafa [1] - Hemin Rasul Murad [2]**
[1+2] Department of Law, College of Humanities, Raperin University, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

The annual principle is considered one of the procedural principles of the public budget, which essentially signifies the preparation of the state's public budget for a fiscal year. This principle is crucial from the perspectives of state politics, the economy, and finance. In terms of politics, the annual principle ensures continuous oversight by the legislative authority over the activities of the executive authority. With regard to the economy, it provides the state with accurate estimates of its expenditures and revenues and highlights the challenges facing the economy in a way that enables officials to take the necessary measures to address them.

The central problem of this study is that the federal state of Iraq suffers from non-compliance with the annual principle of the public budget. Therefore, the authors, using a descriptive and analytical method, seek to examine the principle, its historical emergence, the justifications for its application, and the exceptions to adherence, along with analyzing the causes, effects, and negative consequences of non-compliance through three main arguments.

In conclusion, the authors argue that complying with the annual principle of the public budget is of paramount significance, and its application is justified by political, economic, and financial factors for which specific legal provisions have been enacted. Yet, the state has often violated the principle, which has consequently left negative impacts on the state's overall capability. Non-adherence to the principle has weakened state institutions and undermined the economic, financial, security, and legal performance of governments. The authors ultimately present several recommendations, including the amendment of relevant constitutional and legal provisions and addressing the challenges of adherence in order to remove obstacles and eliminate the harmful effects of non-compliance with the principle.

**Keywords:** Public Budget, Annual Principle of Public Budget, Public Budget Preparation and Approval Delays, Absence of Public Budget, Monthly Budget, Medium-Term Budget.

## پێشەکی

بنەما گشتییەکانی بودجەی گشتی دەوڵەت گرنگییەکی زۆریان هەیە لە بوارەکانی سیاسی، دارایی، ئابوری و تەکنیکیدا، هەر بۆیە زۆربەی دەستور و یاساناس و توێژەرانی بواری دارایی گشتی جەخت لە پەیڕەوکردنیان دەکەنەوە، چونکە بنەماکان یارمەتیدەرن بۆ زانینی پێگەی دارایی دەوڵەت و ئەنجامدانی چاودێرییەکی کارا و کاریگەر و هێنانەدی پرەنسیپی لەیەکترجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، هەروەها یارمەتیدەرن لە ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی لەسەر شێوازێکی زانستی و ئابوری قبوڵکراو و دور لە هەڵە و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی.

بنەمای ساڵانە یەکێکە لە بنەما گشتییەکانی بودجەی گشتی و بە بنەمایەکی ڕواڵەتی دادەندرێت. مەبەست لە بنەمای ساڵانە ئەوەیە کە حکومەت بودجەی گشتی بۆ ماوەی یەک ساڵ ئامادە دەکات و پەسەندکردنی پەرلەمانیش

بۆ ماوەی ســاڵێکە کە تێیدا داهات و خەرجییە خەملێندراوەکانی ناو بودجەی گشــتی لە ماوەی ئەم ســاڵەدا جێبەجێ دەکرێن. ساڵانەیی بودجەی گشتی بۆتە نەریتێکی دارایی و لە زۆربەی دوڵەتان پەیڕەودەکرێت، ئەمەش بەپشتبەستن بە کۆمەڵێک پاساوی سیاسی، دارایی، ئابوری، کارگێڕی، هونەری و تەکنیکیەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا پەیڕەوکردنی بنەمای ســاڵانەی بودجەی گشــتی بەشــێوەیەکی ڕەها نییە و چەندین هەڵاوێرد و ڕیزپەڕ بۆ بنەماکە ســەریانهەڵداوە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری ســیاسی، دارایی، ئابوری، کۆمەڵایەتی بەجۆرێک دەکرێت ماوەی بودجەی گشــتی بۆماوەی زیاتر لەساڵێک یان کەمتر لە ساڵێک بێت.

بابەتی پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە و دواکەوتنی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی و نەبونی، یەکێکە لەو بابەتانەی کە پێویســتە گرنگییەکی زۆری پێبدرێت، بەهۆی ئەوکاریگەرییە زۆرەی هەیەتی لەســەر ژیانی تاک و کۆمەڵگە و دەوڵەت. دەتوانین بڵێین لەڕوی کردارییەوە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ بنەمای ســاڵانەی پشــتگوێخســتوە بەپشتبەستن بەو ڕاستیەی جگە لە ساڵەکانی(٢٠١٦، ٢٠١٧) هەمو ساڵێک بودجەی گشتی دوای دەستپێکردنی ساڵی دارایی نوێ پەســەندکراوە تەنانەت هەندێک ســاڵ عێراق بودجەی گشــتی نەبوە بۆ نمونە ســاڵانی(٢٠١٤، ٢٠٢٠، ٢٠٢٢). کۆمەڵێک هۆکار بونیان هەیە کە دەبنە هۆی داواکەوتنی ئامادەکردن و پەســەندکردنی بودجەی گشــتی و تەنانەت نەبونی بودجە لە دەوڵەتدا، بەشــێوەیەکی گشــتی ئەم هۆکارانە دەگەڕێنەوە بۆ دەســەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و سروشتی سیستەمی سیاسی دەوڵەت، یاخود بەهۆی بونی کەموکوڕی یاسایی و دەستوری لە ڕێکخستنی کاروبارەکانی تایبەت بە بودجەی گشتی یان بونی کەموکوڕی سیستەمی دارایی و ژمێریاری دەوڵەت، هەروەها دەکرێت دروســتبونی بارودۆخی لەناکاو و ململانێی ناوخۆی و دەســتێوەردانی دەرەکی و چەندین هۆکاری دیکە ببنە هۆکاری دواکەوتن یان نەبونی بودجە لە وڵاتدا. ســەرئەنجام دواکەوتن یان نەبونی بودجەی گشــتی لە دەوڵەتدا کۆمەڵێک کاریگەری نەرێنی و خراپ و لێکەوتەی مەترســیداری لە ڕوی ســیاسی، یاســایی، کارگێڕی، دارایی، ئابوری، کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت، فەرمانبەران، هاووڵاتیان و بنەما گشتییەکانی دیکەی بودجەی گشتی.

## کێشەی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە پابەندنەبون بە بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی. دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ نەتوانییوە پابەندبێت بە پەیڕەوکردن و کارکردن بە بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی، بەجۆرێک کە زۆربەی ساڵەکان ئامادەکردن و پەســەندکردنی بودجەی گشــتی دواکەوتوە و لەبەرامبەردا پەنابردراوەتە بەر بودجەی مانگانە و بنەمای (١٢/١) بۆ دابینکردنی خەرجییە گشـتییەکان، تەنانەت چەند سـاڵێکیش عێراق بودجەی گشـتی نەبوە. سـەرئەنجامی ئەمەش کۆمەڵێک لێکەوتە و کاریگەری نەرێنی لەســەر کاروبارەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە و هاووڵاتیان دروســت بوە. بە وردبونەوە لە ناونیشـانی توێژینەوە و کێشـەی توێژینەوە کۆمەڵێک پرسـیار دروست دەبن کە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا وەڵامیان دەدەینەوە: هۆکارەکانی دواکەوتن یان نەبونی بودجەی گشــتی و پەیڕەونەکردنی بنەماکە لە یاســاکانی بودجەی گشتی فیدراڵی عێراق چین؟ ڕۆڵی سیستەم و دامەزراوەکانی دەوڵەت چییە لەم کێشەیەدا و ئایا کەموکوڕی یاسایی هەیە کە ببێتە هۆی پەیڕەونکردنی بنەمای ســاڵانە؟ کاریگەرییەکانی دواکەوتن یان نەبونی بودجەی گشــتی و پەیڕەونەکردنی بنەماکە لە عێراق چین؟ ئایا پەیروەنەکردنی بنەمای ســاڵانە کاریگەری هەیە لەســەر کاروبارەکانی دەوڵەت و کومەڵگە و هاووڵاتییان؟ ڕێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەی دواکەوتن و نەبونی بودجەی گشتی کامانەن و چی بکرێت بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی کارگەرییەکانیان؟

## گرنگی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوەکە لە گرنگی بنەمای ساڵانە سەرچاوە دەگرێت، بەجۆرێک بنەمای ساڵانە گرنگییەکی زۆری هەیە لەڕوی سیاسی و دارایی و ئابورییەوە، بودجە دەخاتە سەر ڕێرەوێکی ڕاست بەو پێیەی گرەنتی چاودێری پەرلەمانی بۆ سەر کارەکانی حکومەت دەکات بەشێوەیەکی کارا و کاریگەر، هەروەها یارمەتی زانینی پێگەی دارایی دەوڵەت دەدات. توێژینەوەکە گرنگییەکی زۆری هەیە لە ڕوی تیۆری و کردارییەوە، چونکە توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر لایەنی تیۆری و زانستی بنەمای ساڵانە و پاساوەکانی پەیرەوکردن و هەڵوێرد و ڕیزپەڕەکانی بنەماکە، گرنگی توێژینەوەکە لە ڕوی کرداریشەوە لەوەدایە کە توێژینەوەکە دەبێتە هۆی دەرخستنی یەکێک لە کێشە گەورە و گرنگ و بنەڕەتییەکانی سیستەمی دارایی لە عێراقی فیدراڵدا، کە ئەویش بریتییە لە پابەندنەبون بە بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی و خستنەڕوی هۆکارەکانی پەیڕەونەکردن و کارکردن بە بنەماکە لەگەڵ خستنەڕوی سەرجەم ئەو کاریگەری و لێکەوتە نەرێنییانەی لە ئەنجامی کارنەکردن بە بنەماکە دروست دەبن. هەمو ئەوانەی پێشو لە پێناو پێشکەکردنی کۆمەڵێک ڕاسپاردە و پێشنیارە بۆ چارەسەکردنی کێشەی کارنەکردن بە بنەمای ساڵانە و خۆلادان و دورکەوتنەوە لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی پەیڕەونەکردن و کارنەکردن بە بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوە بریتییە لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی و خستنەڕوی پاساو و هۆکارەکانی پەیڕەوکردنی بنەماکە و هەڵاوێرد و ڕیزپەڕەکانی، لەگەڵ خستنەڕوی هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی لەسەر بابەتی توێژینەوەکە، هەروەها دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی هۆکار و کاریگەرییەکانی پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە و دواکەوتن و نەبونی بودجەی گشتی لە عێراقی فیدراڵ لەپێناو خستنەڕوی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەی دواکەوتن و نەبونی بودجەی گشتی و لابردنی ئەو بەربەست و لەمپەرانەی لە بەردەم قۆناغی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی هەیە، بەئامانجی کەمکردنەوە و نەهێشتنی هەمو ئەو کارگەرییە خراپ و نەرێنیانەی لە ئەنجامی دواکەوتن یاخود نەبونی بودجەی گشتی دروست دەبن.

## چوارچێوەی توێژینەوە:

چوارچێوەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە خستنەڕوی هۆکار و کاریگەرییەکانی پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی لە یاساکانی بودجەی گشتی فیدراڵی عێراق لە نێوان ساڵەکانی (٢٠٠٣) بۆ (٢٠٢٥).

## میتۆدی توێژینەوە

توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی وەسفی شیکاری بەستوە بۆ شیکردنەوەی بنەمای ساڵانە و هەڵاوێردەکانی و خستنەڕوی بنەمای یاسایی بنەماکە، هەروەها شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دواکەوتن و نەبونی بودجە و پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە، لەگەڵ شیکردنەوە و خستنەڕوی ئەو کاریگەری و لێکەوتانەی لە ئەنجامی دواکەوتن و نەبونی بودجە و پەیڕەونەکردنی بنەماکە دێنەکایەوە.

## پێکهاتە توێژینەوە

سروشتی توێژینەوەکە وادەخوازێت دابەشبکرێت بۆسێ تەوەر، لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە پێناسە و مێژوی سەرهەڵدانی بنەماکە و هۆکار و پاساوەکانی پەیڕەوکردنی بنەماکە و هەڵاوێرد و ڕیزپەڕەکانی بنەماکە دەکەین. لە تەوەرەی دوەمی توێژینەوەکەماندا باس لە هۆکارەکانی پەیڕەونەکردنی بنەماکە و دواکەوتن و نەبونی بودجە دەکەین، لە تەوەرەی سێیەمیشدا باس لە کاریگەری و لێکەوتەکانی پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە دەکەین.

له كۆتاییشـــدا كۆمەڵێک دەرئەنجام دەخەینەڕو لەســـەر بنەمای دەرەنجامەکانیش کۆمەڵێک ڕاســـپاردە پێشـــکەش دەکەین.

## تەوەرەی یەکەم: بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی

بنەمای ســـاڵانه یەکێکه له بنەما گشـــتییەکانی بودجەی گشـــتی و به بنەمایەکی ڕواڵەتی دادەندرێت. نوســـەران و شارەزایانی دارایی گشتی به چەندین شێوە پێناسەی بنەمای ساڵانەیان کردوە، بۆ نمونه هەندێکیان پێیان وایه مەبەست له بنەمای ســـاڵانه ئەوەیه که داهات و خەرجییەکان به شـــێوەیەکی خولی بۆ ماوەی ســـاڵێک دەخەملێندرێن و هەر ســـاڵێکی دارایی بودجەیەکی تایبەت به خۆی هەیه و جیاوازه لەگەڵ بودجەی ســـاڵی دواتر و ســـاڵی پێشـــو(الطیاری، ٢٠١٩، ٥٥). واتا مەبەســـت لەم بنەمایه ئەوەیه که حکومەت بودجه بۆ یەک ســـاڵ ئامادە دەکات و پەرلەمانیش بۆ ماوەی ساڵێک پەسـەندی دەکات، هەروەها ژمارە خەملێنراوەکانی ناو بەڵگەنامەی بودجه گشـتی له ماوەی ئەو ساڵه دیاریکراوەدا جێبەجێ دەکرێن(شـباط، ١٩٩٦-١٩٩٧، ٨١). سـاڵانەی بودجەی گشـتی نەریتێکی داراییه و یەکێکه له بنەما هاوبەش و جێگیرەکانی ســـیســـتەمی دارایی له جیهاندا(العلي، ٢٠١١، ٣٣٢). دەرەنجامەکانی پەیڕەوکردنی ئەو بنەمایه ئەوەیه که خەملاندنی خەرجی و داهاتەکان بۆ ماوەی ســـاڵێک دەکرێت، بەهەمان شـیوە مۆڵەتی پەرلەمان بۆ کۆکردنەوە و خەرجکردن بۆ ماوەی ساڵێکه و پێویسته هەمو ساڵێک نوێ بکرێتەوە(عواضة، بدون سنة نشر، ٨٦).

مێژوی ســـەرهەڵدانی ئەم بنەمایه دەگەڕێتەوە بۆ دوای ســـەرهەڵدان و گەشـەســـەندنی مێژوی بودجەی گشـــتی، پاســـاوەکانی پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایه زۆرن، له ئێســـتادا زۆربەی دەوڵەتان کار بەم بنەمایه دەکەن، بەڵام کاتی دەستپێکردن و کۆتاییهێنانی ساڵی دارایی بەپێی بارودۆخی سیاسی و ئابوری دەوڵەتەکه دەگۆڕێت. ئەم بنەمایه هەمیشه وەک خۆی جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو کومەڵێک هەڵاوێرد و ڕیزپەڕ بۆ ئەم بنەمایه سەریانهەڵداوە. لەپێناو زیاتر ناساندن و خستنەڕوی ناوەڕۆکی بنەمای ساڵانه، ئەم تەوەرەیه دابەش دەکەین بەسەر دو لقدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### لقی یەکەم: مێژوی سەرهەڵدانی بنەمای ساڵانه و پاساوەکانی کارکردن به بنەمای ساڵانه.

ئەم لقەی توێژینەوەکەمان تەرخان دەکەین بۆ باســـکردنی مێژویی ســـەرهەڵدانی بنەمای ســـاڵانه و خســـتنەڕوی پاساوەکانی کارکردن به بنەماکه، لەم دو خاڵەی خوارەوەدا:

### یەکەم: مێژوی سەرهەڵدانی بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی له عێراق:

له عێراق قۆناغەکانی ســـەرهەڵدانی بودجەی گشـــتی هاوتایه لەگەڵ دامەزراندنی دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراق، بەجۆرێک یەکەم بودجەی گشـتی له عێراق له سـاڵی (١٩٢١) بو کە وادەی دامەزراندنی حکومەتی نیشـتیمانی عێراقه، بودجەی گشـتی لەو سـەردەمەدا لەسـەر بنەمای یاسـای بنەماکانی ژمێریاری عوسـمانی سـاڵی (١٩١١) و ئەو ڕێنماییانەی که لەلایەن دەســـەڵاتی (انتداب)ی ئینگلیزی و حکومەتی کاتی عێراق دەرچوێندرابون ئامادەدەکرا(حمدي، ٢٠١٥، ٢٠٩). لەســاڵی (١٩٢٤) پەیڕەوی دەســەڵات له بابەته داراییەکان (نظام السـلطة في الامور المالية) به ژمارە (١٧١٥) دەرچو، لەناویدا کۆمەڵێک برگه هەبون پەیوەســت به ڕێکخســتنی بودجەی گشــتی، پاشــان یاســای بنەڕەتی عێراق له ســاڵی (١٩٢٥) دەرچو وەک یەکەم دەســتوری عێراق و دەقی لەســەر پەیڕەوکردنی بنەمای ســاڵانه هێنابو، بەجۆرێک له مادده (٩٨) هاتوه (دەبێت تەرخانکردنی هەر ساڵێک به یاسایەکی ساڵانه پەسەندبکرێت که به یاسای بودجه ناسراوە و دەبێت خەملاندنی داهات و خەرجییەکانی ئەو ساڵه لەخۆبگرێت).

بودجەی گشتی بەم شێوەیە مایەوە تا دەرکردنی یاسای بنەماکانی ژمێریاری گشتی ژمارە (٢٨)ی ساڵی (١٩٤٠)، دواتریش یاسای بودجەی گشتی یەکگرتوی دەوڵەت ژمارە(١٠٧) ساڵی(١٩٨٥)دەرچو، کە هەردو یاساکەی پێشو جەخت لە پەیڕەوکردنی بنەمای ساڵانە دەکەنەوە. کارکردن بەم دو یاسایە بەردەوام بو تا (٢٠٠٣/٤/٩)، دواتر یاسای بەڕێوەبردنی دارایی و قەرزی گشتی ژمارە (٩٤)ی ساڵی(٢٠٠٤) دەرچو کە جێگەی یاسا داراییەکانی پێشوی گرتەوە، ئەم یاسایەش جەخت لە پەیڕەوکردنی بنەمای ساڵانە دەکاتەوە. سەبارەت بە دەستوری ساڵی(٢٠٠٥)ی عێراق بە کورتی و لە چەند ماددەیەکدا دەقی لەسەر بودجەی گشتی هێناوە، بەڵام باسی بنەمای ساڵانەی نەکردوە و دەقی لەسەر نەهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی ژمارە(٦)ی ساڵی (٢٠١٩) دەرچو، کە لە بڕگەی(دوەم)ی ماددەی(چوارەم)ی یاساکەدا هاتوە {بودجەی ساڵانە لە (١/١) دەست پێدەکات و لە (١٢/٣١)ی هەمان ساڵ کۆتایی دێت، بەڵام وەزارەتی دارایی فیدراڵی دەتوانێ بودجەی مامناوەند بۆ ماوەی (٣) ساڵ ئامادەبکات.....} هەروەها ماددە (٥١)ی یاساکە جەخت لە پابەندبون بە بنەمای ساڵانە دەکاتەوە، کەواتە یاسادانەری عێراقی بنەمای ساڵانەی لە یاسای ئاساییدا ڕێکخستوە.

## دوەم: پاساوەکانی کارکردن بە بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی:

کۆمەڵێک پاساو بونەتە هۆکاری پەیڕەوکردنی بنەمای ساڵانە، گرنگترین پاساوەکانیش بریتین لەم پاساوانەی خوارەوە:

**١. پاساوی سیاسی:** ئامادەکردن و پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی بە یەکێک لە ئەرکە ئاڵۆز و قورسەکان دادەنرێت کە پێویستی بە ئەزمون و لێهاتویی زۆر و هەوڵێکی هاوبەشی گەورەی نێوان حکومەت و پەرلەمان هەیە، بۆیە ماوەی ساڵێک بە گونجاو دادەنرێت(الطیاری، ٢٠١٩، ٥٨-٥٩)، چونکە ئەگەر ماوەی بودجە لە ساڵێک زیاتر بوایە چاودێری پەرلەمان لەسەر کار و کردەوە داراییەکانی حکومەت لاواز دەبو، هەروەها ئەگەر ئەو ماوەیە کەمتر لە ساڵێک بوایە ئەم چاودێریکردنە لەڕادەبەدەر قورسایی دەخستە سەرشانی حکومەت و پەرلەمان و دەبوە هۆی پەککەوتنی کاروبارەکانیان(العمري، ١٩٨٦، ٣٤٧). بنەمای ساڵانە بە واتای دەستەبەرکردنی چاودێری بەردەوامی پەرلەمان بۆ سەر چالاکییەکانی حکومەت دێت(الجنابي و الدوري،٢٠٠٠، ٢٩)، بنەماکە پاڵپشتە بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و یارمەتیدەرە بۆ زانین و ئاشکراکردنی ئاڕاستەی سیاسی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ئەنجامدانی چاودێریەکی کارا و کاریگەر.

**٢. پاساوی ئابوری و دارایی:** بودجەی گشتی لە سەر بنەمای پێشبینیکردن و خەمڵاندنی داهات و خەرجییەکانی دەوڵەت بۆ ماوەیەکی کاتی ئامادە دەکرێت، گونجاوترین ماوەش بۆ ئەو کارە یەک ساڵە(عبدالواحد، ٢٠٠٠، ١٢٧٧)، چونکە ئەگەر بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک ئامادەبکرێت بۆشایی و کەلێن لە نێوان ئامادەکردن و جێبەجێکردنی بودجەی گشتی دروست دەبێت و جیاوازی و ناهاوسەنگی لە نێوان داهات و خەرجییەکان دروست دەبێت، بەهۆی گۆڕانی بڕ و قەبارەی داهات و خەرجییە خەمڵێندراوەکان. ساڵ بریتییە لە یەکەیەکی تەواو لە کات و هەر چوار وەرزەکە بەتەواوی لەخۆدەگرێت و قەبارە و بڕی داهات و خەرجییەکانیش دەگۆڕێت بەپێی گۆڕانی وەرزەکان، هەروەها ئامادەکردنی بودجە بۆ ساڵێک زۆر نزیکە لە ڕاست و دروستی خەملاندنەکان و دورە لە هەڵەکردن، ئەگەر بودجە بۆ کەمتر لە ساڵێک ئامادە بکرایە و جیاوازی زۆر گەورە لە نێوان داهات و خەرجییەکان دروست دەبو(الدقر، بدون سنة نشر، ٣٦٨). هەروەها ماوەی ساڵێک لەگەڵ خولی باجی ڕاستەوخۆدا دەگونجێت کە ساڵانە کۆدەکرێتەوە و ماوەی ساڵێکیش ئەو ماوەیە

کە هەمو پرۆژە گشتی و تایبەتەکان بودجەی خۆیانی تێدا ئامادە دەکەن و هەژماری دەرەنجامی کار و قازانجەکانیان دەکەن(الصعیدی، ٢٠٠٧، ٢٧١).

**لقی دوەم: سەرەتا و کۆتایی ساڵی دارایی و هەڵاوێرد و ڕیزپەڕەکانی بنەمای ساڵانە:**

ئەم لقەی توێژینەوەکەمان تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی ساڵی دارایی و خستنەڕوی هەڵاوێرد و ڕیزپەڕەکانی بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی، لەم دو خاڵەی خوارەوەدا:

**یەکەم: سەرەتا و کۆتایی ساڵی دارایی:**

دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی ساڵی دارایی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکیتر جیاوازە، بەڵام جیاوازی لە کاتی دەست پێکردن و کۆتایی هاتنی ساڵی دارایی لە ناوەڕۆک و گرنگی بنەمای ساڵانە کەم ناکاتەوە، چونکە مەبەست لە بنەمای ساڵانە ئەوەیە کە بودجەی گشتی بۆ ماوەی ساڵێک بێت واتا(١٢) مانگ، بونی جیاوازی کاتی دەست پێکردنی ساڵی دارایی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک گرنگترینیان بریتین لە هۆکاری ئابوری و دارایی و کارگێڕی و سیاسی(عبدالغزیز و شفیق، ٢٠٠٣، ٣٠)، یاخود کۆمەڵێک هۆکار و بارودۆخی تایبەتی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی. پێویستە کاتی دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی ساڵی دارایی لەسەر چەند بنەمایەکی لۆژیکی بێت و باشترین کات دیاری بکرێت بۆ دەست پێکردنی ساڵی دارایی کە لەگەڵ بارودۆخی دەوڵەتەکە بگونجێت، چونکە بودجەی گشتی خەملاندنی داهات و خەرجییەکانە بۆیە پێویستە گونجاوترین کات بۆ دەستپێکردنی ساڵی دارایی دیاری بکرێت. لە سەرەتای دروستبونی دەوڵەتی عێراق ساڵی دارایی بەپێی ساڵنامەی زاینی لە (٤/١) دەستی پێدەکردو لە(٣/٣١) کۆتایی دەهات، بەڵام لە ساڵی(١٩٧٤) کاتی دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی ساڵی دارایی گۆڕا، بەجۆرێک کە ساڵی دارایی لە(١/١) دەستپێدەکات و لە(١٢/٣١) کۆتایی دێت(قرار مجلس قیادة الثورة (المنحل)، رقم(١٠٤)، ١٩٧٤)، بەهەمان شێوە لە ماددەی(١/نۆیەم) لە یاسای دارایی بەرکاردا هاتوە {ساڵی دارایی لە(١/١) دەست پێدەکات و لە(١٢/٣١)ی هەمان ساڵ کۆتایی دێت}. سەبارەت بە کۆتایی هاتنی ساڵی دارایی بەشێوەیەکی گشتی دو ڕێگا هەیە بۆ کۆتایی هێنان بە ساڵی دارایی و هەژمارکردنی خەرجی و داهاتەکان و ئامادەکردنی هەژماری کۆتایی کە بریتین لەم دو ڕێگایەی خوارەوە:

**١. ڕێگای بنەمای کاش(طریقة الأساس النقدي):** بەپێی ئەم ڕێگایە پێویستە لەکۆتا ڕۆژی ساڵی داراییدا هەژماری ساڵی دارایی دابخرێت، هەمو ئەو داهات و خەرجییانەی کە لە ماوەی ساڵی داراییدا بە کرداری و ڕاستەقینەیی کۆکراونەتەوە یان خەرجکراون لە هەژمارەکەدا تۆمار بکرێن، بەڵام ئەو داهات و خەرجییانەی کە بە کرداری کۆنەکراونەتەوە یان خەرج نەکراون لە ماوەی ئەو ساڵە داراییەدا لە هەژمارەکەدا تۆمارناکرێن، بەڵکو لە هەژمارەکانی ساڵی دارایی دواتردا تۆمار دەکرێن(بشور، بدون سنة نشر، ٤٥٣) .

**٢. ڕێگای بنەمای یەکلاکردنەوە(طریقة حسابات التسویة):** بەپێی ئەم ڕێگایە هەژماری کۆتایی ساڵی دارایی لەسەر بنەمای ئەو بڕە پارانە ئامادەدەکرێت کە حکومەت پابەند بوە بە خەرجکردنیان تەنانەت ئەگەر بە کرداری لە ماوەی ئەو ساڵە داراییەدا خەرجیش نەکرابن، هەروەها لەگەڵ ئەو بڕە پارانەی کە شایستەن بۆ کۆکردنەوە لەلایەن دەوڵەتەوە تەنانەت ئەگەر بە کرداری لە ماوەی ئەو ساڵە داراییەدا کۆنەکرابنەوە(حشیش، ١٩٩٢، ٣٨٣). پەیڕەوکردنی ئەم ڕێگایە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ماوەیەکی زیاتر لە ساڵێک پێویست بێت بۆ جێبەجێکردنی بودجە و هەژماری ساڵی داراییش داناخرێت تاوەکو هەمو ئەرک و مافەکان یەکلایی نەکرێنەوە، ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی دواکەوتنی هەژماری کۆتایی چەندین ساڵ و کەڵەکەبونی هەژماری ساڵانە(الجنابي، ١٩٩٠، ٢٨٣-٢٨٢). لە ئێستادا عێراق ڕێگای یەکەم پەیڕەو دەکات بە پشتبەستن بە بڕگەکانی (سێیەم و چوارەم)ی ماددە(١) و بڕگەکانی ماددەی(٢٢، ٢٣، ٢٤) لە یاسای

بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی بەرکار، بەڵام پەیڕەوکردنەکە ڕەها نییە، چونکە یاسادانەر لە هەمان یاسادا و بە دیاریکراوی لە برگەی دووەمی ماددە(٢٢)دا دەقی لەسەر پەیڕەوکردنی ڕێگای دووەم داوە سەبارەت بە هەژمارکردنی چەند داهاتێکی ئەو دامەزراوانەی خاوەنی بودجەی سەربەخۆن و پێیان دەوترێ (الادارات الممولة ذاتيا) ئەمەش وەک هەڵاوێردێک بۆ ڕێگای یەکەم، ئەو داهاتانەش بریتین لە داهاتی (پشکی گەنجینە لە قازانجی کەرتی گشتیدا، داهاتی وەرنەگیراوی نەوتی فرۆشراوی ئەو ساڵە، داهاتی فرۆشتنی خانوبەرە، هەر داهاتێکی دیکە کە وەزیری دارایی بڕیاری لەسەر بدات). بە بۆچونی ئێمەش ڕێگای یەکەم گونجاوترە، چونکە زیاتر لەگەڵ ناوەڕۆک و سروشتی بودجەی گشتی و بنەمای ساڵانە دەگونجێت، هەروەها زیاتر هاوکارە بۆ پەیڕەوکردنی بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی.

**دووەم: هەڵاوێرد و ڕیزپەڕەکانی بنەمای ساڵانە:** ناتواندرێت بە شێوەیەکی ڕەها بنەمای ساڵانە پەیڕەو بکرێت بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و دارایی و ئابوری، سەرئەنجام کۆمەڵێک هەڵاوێرد بۆ بنەمای ساڵانە سەریانهەڵدا کە بۆ دو بەش پۆلێنکراون، بەشێک لەم هەڵاوێردانە بۆ ماوەی زیاتر لەساڵێکن و بەشەکەی دیکەشیان بۆ ماوەی کەمتر لە ساڵێکن(الشمري، ٢٠١٤، ٦٢)، لەم دو خاڵەی خوارەوەدا باس لە گرنگترین ئەو ڕیزپەڕ و هەڵاوێردانە دەکەین:

**١.بودجە و تەرخانکراوەکانی زیاتر لە ساڵێک:** بەهۆی زیادبونی ئەرکەکانی دەوڵەت و دەستێوەردانی دەوڵەت لە سەرجەم بوارەکان، هەندێکجار دەوڵەت پابەندنابێت بە بنەمای ساڵانە و بودجەیەک ئامادەدەکات کە بۆماوەی زیاتر لەساڵێک بێت کە دەکرێت یەکێک لەم بودجانەی خوارەوە بێت:

**أ. بودجەی بەرنامە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان:** ئەم بودجەیە یەکێکە لە هەڵاوێردەکانی بنەمای ساڵانە کە بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێک دادەنرێت، زۆرجار دەوڵەت کۆمەڵێک پرۆژەی ستراتیژی و درێژخایەن لە چوارچێوەی بەرنامە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانیدا ئەنجامدەدات بۆ هێنانەدی کۆمەڵێک ئامانجی ئابوری و کۆمەڵایەتی(بشور، بدون سنة نشر، ٤٦٤)، جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە پێویستیان بە ماوەی زیاتر لە ساڵێک هەیە و مەحاڵە بتواندرێت ئەو جۆرە پرۆژانە لە چوارچێوەی بودجەی یەک ساڵەدا جێبەجێ بکرێن. ئەم جۆرە بودجانە دادەنرێن بۆ دروستکردنی پرۆژەی ستراتیژی گەورە یان ئەو پرۆژانەی کە بە پرۆژەی ژێرخانی ئابوری ناسراون. دەستور و یاساکانی عێراق بە ڕاشکاوانە دەقیان لەسەر هەبونی ئەم جۆرە بودجەیە نەداوە، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە عێراق ئەم هەڵاوێردە ڕەتبکاتەوە، بەڵکو دەکرێت ئەم بودجەیە پراکتیزە بکرێت لەڕێگای ئەو گرێبەستە حکومییانەوە کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەنجام دەدرێن بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان(عبد الرضا، ٢٠١٨، ٤٤)، هەروەها یاسای بەڕێوەردنی دارایی فیدراڵیش لە ماددە (١٦/دووەم)دا دەقی لەسەر ئەم بابەتە هێناوە و باس لەوە دەکات یەکەکانی خەرجکردن پێویستیان بە ڕەزامەندی پێشوەختەی وەزارەتەکانی پلاندانان و دارایی فیدراڵی هەیە بۆ چونە ناو پابەندبونێکی چەند ساڵە، کاتێک پابەندبونەکە پێویستی بە خەرجکردنی بڕە پارەیەک هەبێت لە بودجەی گشتی فیدراڵی ساڵی دارایی داهاتودا. لە ڕوی کردارییەوە چەندین پرۆژە لە عێراق بونیان هەبوە کە خەرجییان بۆ تەرخانکراوە لە بودجەی چەند ساڵێکدا، بەڵام تا ئێستا عێراقی فیدراڵ هیچ بودجەیەکی لەم شێوەیە و لەژێر ناوی(بودجەی بەرنامە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان) نەبوە، هەرچەندە لە ساڵی(٢٠١٢) پرۆژە یاسایەک هەبو بەناوی(مشروع قانون البنى التحتية)، بەڵام لەلایەن پەرلەمانەوە ڕەتکرایەوە بە هۆکاری ئەوەی دەبێتە هۆی بارگرانی لەسەر ئابوری عێراق، هەروەها ڕەنگە پرۆژە یاساکە ڕێگا خۆش بکات بۆ سپیکردنەوەی پارە و گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی سامانی گشتی(الشمري، ٢٠١٤، ٨٥).

**ب. بودجە بۆ ماوەی دو ساڵ یان زیاتر(بودجەی ماوە مامناوەند):** یەکێکە لە هەڵاوێردەکانی بنەمای ساڵانە و بۆ ماوەیەکی زیاتر لە ساڵێک ئامادەدەکرێت. هەندێک وڵات بودجەی گشتی بۆ ماوەی دو ساڵ یان زیاتر ئامادەدەکەن،

بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کۆمەڵێک بارودۆخی ئابوری و سیاسی(عصفور، ٢٠٠٨، ٤٧-٤٨). ئەم بودجەیە وەک ڕێگا چارەسەرێک بەکاردێت بۆ ڕزگاربون لە کێشەی دواکەوتنی بودجە یان نەبونی بودجە، یان دەوڵەت دەیەوێت کۆمەڵێک پلانی ئابوری و کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکات کە پێویستیان بە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە، واتا ئەم بودجەیە ئامرازێکە بۆ هێنانەدی ئامانجە ئابوری و کۆمەڵایەتییە درێژخایەنەکان و ڕزگاربون لە کێشە و قەیرانەکان. دەستوری عێراق ڕاشکاوانە دەق لەسەر هەبونی ئەم جۆرە بودجەیە نەداوە، بەڵام یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە لە ماددەی(٤/دوەم) دەق لەسەر ئەم بودجەیە هێناوە. لە ڕوی کردارییەوە تا ئێستا یەکجار بودجەی سێ ساڵی لە عێراقی فیدراڵ بونی هەبوە کە بریتیە لە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی کۆماری عێراق بۆ ساڵەکانی(٢٠٢٣-٢٠٢٤-٢٠٢٥)، ئەم بودجەیە کاردانەوەی کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و ئابوریی و داراییە. لە دوای ساڵی(٢٠٠٣) دواکەوتنی بودجە لە عێراق بوە بە دیاردە و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان پابەندنابن بە کاتە دیاریکراوەکانی قۆناغی ئامادەکردن و پەسەندکرنی بودجەی گشتی، هەروەها بودجەی گشتی لەو ماوەیەدا نەیتوانیوە چارەسەری کۆمەڵێک کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی بکات. ئامانج لە پەیڕەوکردن و دانانی ئەم بودجەیە بریتیبو لە چارەسەرکردنی کێشەی دواکەوتنی بودجە و چارەسەکردن و کەمکردنەوەی کۆمەڵێک کێشەی ئابوری و دارایی و کۆمەڵایەتی لە عێراق.

بە بۆچونی ئێمە بودجەی ماوە مامناوەند بۆ دەوڵەتێکی وەک عێراق گونجاو نییە، چونکە ئەم جۆرە بودجانە بۆ دەوڵەتێک گونجاون کە سیستەمی ئابوریی و سیاسی و ئەمنییەوە جێگیربێت، بەڵام دەوڵەتی عێراق ئابورییەکی ناجێگیری هەیە بەهۆی ئەوەی عێراق پشتی بە داهاتی نەوت بەستوە و نرخی نەوتیش جێگیرنییە و بەردەوام لەگۆڕانکاریدایە، هەروەها بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی عێراق جێگر نییە، بۆیە ئەو جۆرە بودجانە بۆ دەوڵەتێکی وەک عێراق گونجاو نییە و پێشنیاری هەموارکردنەوەی یاسای بەڕێوەبردنی دارایی بەرکاردەکەین بەشێوەیەک ڕێگە بە وەزارەتی دارایی نەدرێت بودجەی ماوە مامناوەند و سێ ساڵی ئامادەبکات.

**٢. بودجە و تەرخانکراوەکانی کەمتر لە ساڵێک:** هەندێک جار دەوڵەت پابەندنابێت بە بنەمای ساڵانە و بودجەیەک ئامادەدەکات بۆماوەی کەمتر لەساڵێک، کە دەکرێت یەکێک لەم بودجانەی خوارەوە بێت:

**أ. تەرخانکردنی زیادە(الإعتمادات الإضافية):** بە یەکێک لەهەڵاوێردەکانی بنەمای ساڵانە دادەندرێت، چونکە بۆ ماوەی کەمتر لە ساڵێکە و دوایی دەستپێکردنی ساڵی دارایی دەست پێدەکات و لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی دارایی کۆتایی دێت(عصفور، ٢٠٠٨، ٤٧). دوای پەسەندکردنی بودجە لەلایەن پەرلەمانەوە لەوانەیە لە ماوەی جێبەجێکردنیدا دەربکەوێت کە نەتواندراوە بەشێوەیەکی دروست خەمڵاندن بۆ خەرجییەکان بکرێت، بەجۆرێک ئەو بڕانەی تەرخانکراون بەس نین بۆ دابینکردنی خەرجییەکان یان خەرجییەک سەریهەڵداوە کە لە بودجەدا هیچ بڕێکی بۆ تەرخاننەکراوە(قطيش، ٢٠٠٥، ٨٠). لەوکاتەدا دەوڵەت پێویستە تەرخانکردنێکی زیادە جیا لە بودجەی گشتی تەرخان بکات بۆ ڕوبەڕوبونەوەی باردۆخەکان و پڕکردنەوەی خەرجییەکان، ئەمەش لە ڕێگای تەرخانکردنی زیادەوە ئەنجامدەدرێت. دەستوری عێراق بەڕاشکاوانە باسی ئەم بودجەیەی نەکردوە و تەنها دەستەواژەی بودجەی گشتی بەکارهێناوە، بەڵام بودجەی تەواوکاری بەشێکی دانەبڕاوە لە بودجەی گشتی و هەمان ئامانج و مەبەستی بودجەی گشتی جێبەجێ دەکات(قرار المحكمة الاتحادية العليا رقم(٣٩/اتحادية/٢٠٠٨) في(٢٠٠٨/٧/٣١)، هەروەها یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی بە ڕاشکاوانە دەق لەسەر ئەم بودجەیە نەداوە، بەڵام لە ماددە (٢١)دا ڕێگەی داوە ئەنجومەنی وەزیران لە کاتی پێویست پرۆژە یاسا بۆ هەمواری یاسای بودجە لە ماوەی ساڵی دارایی پێشکەش بکات،

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕێگادان بەبونی بودجەی تەواوکاری، لە ڕوی کرداریشـــەوە یەکەم بودجەی تەواوکاری لە عێراق فیدراڵ بودجەی تەواوکاری فیدراڵی ژمارە(٣٤)ی ساڵی(٢٠٠٨) بو.

**ب. بودجەی مانگانە:** هەندێکجار بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری ئابوری و سیاسی پەسەندکردنی بودجە دوادەکەوێت لە ئەنجامی ئەوەی حکومەت و پەرلەمان دوادەکەون لە ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا. کاتێک ساڵی دارایی ڕابردو کۆتایی هاتوە و ساڵی دارایی نوێ دەستی پێکردوە، لەو کاتەدا ماوەی کارکردن بە بودجەی ساڵی ڕابردو کۆتاییهاتوە و بودجەی ساڵی دارایی نوێش پەسەندنەکراوە. بۆیە پێویست بە بودجەیەکی کاتی دەکات تا پەسەندکردنی بودجەی گشتی لە پێناو بەردەوامبونی کارەکانی دەوڵەت و گرەنتیکردنی بەردەوامبونی خزمەتگوزاری گشتی، ئەمەش لە ڕێگای بودجەی مانگانە بەدیدێت(شباط، ١٩٩٦-١٩٩٧، ٩١)، بودجەی مانگانە بریتیە لە مۆڵەتێکی کاتی بۆ ماوەی مانگێک یان زیاتر تا پەسەندکردنی بودجەی گشتی نوێ(قطيش، ٢٠٠٥، ٧٨). بودجەی مانگانە لەسەر بنەمای(١٢/١)ی ژمارە تەرخانکراوەکانی بودجەی ساڵی پێشو ئامادەدەکرێت، هەروەها ڕێگا بە کۆکردنەوەی داهات دەدات لە ماوەی بودجەی مانگانە(عصفور، ٢٠٠٨، ٤٥). هەر چەندە ئەم بودجەیە ئامرازێکە بۆ خۆلادان لە زیانەکانی نەبون و دواکەوتنی بودجە بەکاردێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک کاریگەری خراپی هەیە بۆ نمونە لە ڕوی سیاسیەوە دەبێتە هۆی ئەوەی پەرلەمان مافی پەسەندکردنی پێشوەختەی داهات و خەرجییەکان لەدەستبدات و لە ڕوی کارگێڕیشەوە دەبێتە هۆی زیادکردنی کاروبارە کارگێڕییەکان، لە ڕوی ئابوریشەوە دەبێتە هۆی وەستاندنی پلانە ئابوری و کومەڵایەتییەکان و پڕۆژەکانی وەبەرهێنان(بشور، بدون شنة نشر، ٤٦٠).

عێراق کار بە بودجەی مانگانە دەکات لە ئەگەری دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی فیدراڵی تا(١٢/٣١)، لەم کاتەدا وەزیری دارایی فەرمان دەردەکات بە خەرجکردن بە ڕێژەی(١٢/١) یان کەمتر لە کۆی خەرجییە ڕاستەقینەکانی ساڵی دارایی پێشو بۆ دابینکردنی خەرجییە بەردەوامەکان(النفقات الجارية) دوای لێدەرکردنی خەرجییە دوبارە نەبوەکان، لەسەر بنەمای مانگانە تا ئەو کاتەی بودجەی گشتی فیدراڵی پەسەند دەکرێت، هەروەها خەرجکردنی پارە بۆ پڕۆژە وەبەرهێنانە بەردەوامەکان دوای دڵنیابونەوە لە بونی نەختینە و بونی بڕی تەرخانکراو لە پڕۆژە یاسای بودجەی گشتی(المادة(١٣) من قانون الإدارة المالية الاتحادية رقم(٦) لسنة(٢٠١٩)المعدل).

لەڕوی کردارییەوە لە عێراق لە ساڵی(٢٠٠٤ بۆ ٢٠٢٣) بەهۆی پابەندنەبونی حکومەت و پەرلەمان وادە دیاریکراوەکانی قۆناغی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجە زۆربەی ساڵەکان کار بە بودجەی مانگانە کراوە و تەنانەت چەند ساڵێک عێراق یاسای بودجەی گشتی نەبوە و پابەند نەبوە بە بنەمای ساڵانە. سەبارەت بە ماوەی بودجەی مانگانە یاسادانەری زۆربەی دەوڵەتان هیچ کات و ماوە و سنورێکی دیاریکراویان بۆ بودجەی مانگانە دیارینەکردوە، بۆ نمونە لە عێراق کارکردن بەم بودجەیە بەردەوام دەبێت تا پەسەندکردن و دەرچونی یاسای بودجەی گشتی، لە ئەگەری پەسەندنەکردنی ڕەشنوسی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی بۆ ساڵێکی دارایی دیاریکراو ئەوا بەیاننامە داراییەکانی کۆتایی کە بە کرداری خەرجکراون بە بنەمایەک دادەنرێن بۆ بەیاننامە داراییەکانی ئەو ساڵەی کە بودجەی گشتی پەسەندنەکراوە و پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت بە مەبەستی پەسەندکردنی بەپشت بەستن بە ماددەی(١٣)ی یاسای بەڕێوەبردنی دارایی هەموارکراو.

سەرەڕای بونی ئەم هەڵاوێردانەی پێشو، هەروەها بونی چەندین هەڵاوێردی دیکەی بنەمای ساڵانە و تێگەیشتنمان لە گرنگی و هۆکارەکانی بونی هەڵاوێردەکانی بنەمای ساڵانە، بەڵام بە بۆچونی ئێمە بۆ ئەوەی بودجەی گشتی ئامانج و مەبەستەکانی خۆی بپێکێت پێویستە ناوەڕۆکی بنەمای ساڵانە وەک خۆی جێبەجێبکرێت، بەبێ پەیڕەوکردنی هیچ

هەڵاوێردێک، بۆیە پێشنیاری هەمموارکردنەوەی مادده(٦٢)ی دەستوری بەرکار دەکەین بە ئاڕاستەی زیادکردنی بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی، تاوەکو هەردو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان پابەندبن بە بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی. ئەم خشتەیەی خوارەوە لەلایەن توێژەرانەوە ئامادەکراوە و تێیدا ماوەی دواکەوتنی پەسەندکرنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی بۆ هەر ساڵێکی دارایی دەخاتەڕو، لەگەڵ خستنەڕوی ئەو ساڵانەی کە بودجەی گشتییان نەبوە.

| ڕێکەوتی پەسەندکردن و ماوەی دواکەوتنی بودجەی گشتی لە نێوان ساڵانی(٢٠٠٧ - ٢٠٢٥) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ساڵی دارایی | ڕێکەوتی پەسەندکردن | ماوەی دواکەوتن بە ڕۆژ | ساڵی دارایی | ڕێکەوتی پەسەندکردن | ماوەی دواکەوتن بە ڕۆژ |
| ٢٠٠٧ | ٢٠٠٧/٢/٨ | ٣٩ | ٢٠١٧ | ٢٠١٦/١٢/٧ | -------------- |
| ٢٠٠٨ | ٢٠٠٨/٢/١٤ | ٤٥ | ٢٠١٨ | ٢٠١٨/٣/٣ | ٦٢ |
| ٢٠٠٩ | ٢٠٠٩/٣/٥ | ٦٤ | ٢٠١٩ | ٢٠١٩/١/٢٤ | ٢٤ |
| ٢٠١٠ | ٢٠١٠/١/٢٦ | ٢٦ | ٢٠٢٠ | ------------- | ------------- |
| ٢٠١١ | ٢٠١١/٢/٢٠ | ٥١ | ٢٠٢١ | ٢٠٢١/٣/٣١ | ٩٠ |
| ٢٠١٢ | ٢٠١٢/٢/٢٣ | ٥٤ | ٢٠٢٢ | ------------- | ------------- |
| ٢٠١٣ | ٢٠١٣/٣/٧ | ٦٦ | ٢٠٢٣ | ٢٠٢٣/٦/١١ | ١٦٢ |
| ٢٠١٤ | ----------- | ------------- | ٢٠٢٤ | ٢٠٢٤/٦/٣ | ١٥٥ |
| ٢٠١٥ | ٢٠١٥/١/٢٩ | ٢٩ | ٢٠٢٥ | ------------- | ------------ |
| ٢٠١٦ | ٢٠١٥/١٢/١٦ | ------------- | | | |

چەند تێبینی و ڕونکردنەوەیەک سەبارەت بە خشتەکەی سەرەوە:

- ئەم خشتەیە بەپشت بەستن بە یاساکانی بودجەی گشتی فیدراڵی دروستکراوە کە لە ڕۆژنامەی فەرمی عێراق بڵاودەکرێتەوە بۆ هەمو ئەو ساڵانەی یاسای بودجەی گشتیان هەبوە.
- ئەم خشتەیە تەنها کاتی پەسەندکردنی یاساکانی بودجەی گشتی ساڵەکانی (٢٠٠٧-٢٠٢٥)ی لەخۆگرتوە بەبێ ئاماژەکردن بە ساڵەکانی (٢٠٠٣-٢٠٠٦)، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسی و ئەمنی ئەوکاتەی عێراق بەتایبەت دوایی ڕوخانی ڕژێمی پێشو، هەروەها بنیادنانی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ و نوسینەوەی دەستور و ئەو قۆناغە ڕاگوزەرەی عێراق پێیداتێپەڕی لەو ماوەیەدا، لەهەمانکاتدا ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرقاڵبون بە کۆمەڵێک بابەتی دیکە، هەر بۆیە لە سەرەتادا و بەدیاریکراوی نێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٠٦) زۆربەی کاروبارەکانی دەوڵەت و لەناویشیاندا بودجەی گشتی بە ڕێڕەوی ئاسایی و یاسایی خۆیاندا نەڕۆیشتون، هەر بۆیە ئێمەش لەم خشتەیدا زانیارییەکانی پەیوەندیدار بەم ساڵانەمان نەخستۆتەڕو.
- دەوڵەتی عێراق لە ساڵەکانی (٢٠١٤، ٢٠٢٠، ٢٠٢٢) یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی نەبوە.
- یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی عێراق بۆ ساڵەکانی(٢٠١٦و ٢٠١٧) پێش دەستپێکردنی ساڵی دارایی نوێ پەسەندکراوە.
- حکومەتی عێراق ساڵی (٢٠٢٣) بودجەیەکی سێ ساڵی ئامادەکرد و ئەنجومەنی نوێنەرانیش پەسەندیکرد بۆ ساڵەکانی (٢٠٢٣-٢٠٢٤-٢٠٢٥)، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستبو کە خشتەی داهات و خەرجی ساڵەکانی(٢٠٢٤،٢٠٢٥) پێش دەستپێکی ساڵی دارایی نوێ ئامادەبکرێت و بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پەسەندکردن، بەڵام خشتەی داهات

و خەرجییەکانی ساڵی(٢٠٢٤) لە ڕێکەوتی(٢٠٢٤/٦/٣) پەسەندکرا و تا ئێستاش خشتەی داهات و خەرجییەکانی ساڵی(٢٠٢٥) نەگەیشتۆتەوە ئەنجومەنی نوێنەران.

- هۆکارەکانی دواکەوتنی پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی زۆرن و لە تەوەرەی دوەمی توێژینەوەکەماندا ئاماژەیان پێدەکەین، ڕێژەی کاریگەریی هەر هۆکارێک لە هۆکارەکان لە دواخستنی پەسەندکردنی بودجە جیاوازە، بەجۆرێک هەندێک هۆکار کاریگەری سەرەکی و ڕاستەخۆیان هەیە و هەندێکی دیکەیان کاریگەری لاوەکی و ناڕاستەخۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری هەریەکەیان لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە جیاوازە.

## تەوەرەی دوەم: هۆکارەکانی پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە

کۆمەڵێک هۆکار هەن کە دەبنە هۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی و نەبونی بودجەی گشتی لە وڵاتدا، سەرئەنجام دەبێتە هۆی پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە، بەشێک لەم هۆکارانە بەهۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوەیە و بەشەکەی دیکەیان بەهۆی دەسەڵاتی یاسادانانە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەم دو دەسەڵاتە پابەند نابن بە ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی لەو کات و وادە دیاریکراوانەدا کە بۆ ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی دیاریکراون، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک هۆکاری دیکە هەن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر دواکەوتنی بودجە گشتی و پەیوەندیدارنین بەم دو دەسەڵاتە. لەپێناو خستنەڕوی هۆکارەکانی دواکەوتنی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی ئەم تەوەرەی توێژینەوەکەمان تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دواکەوتنی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی، ئەم هۆکارانەش لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکتر جیاوازن هەندێک جار ئەم هۆکارانە کاریگەریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆیان لەسەر دواکەوتنی بودجەی گشتی هەیە، لەوانەیە ئەم هۆکارانە دواتر ببنە هۆکاری نەبونی بودجەی گشتی لە وڵاتدا، بە بۆچونی توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە گرنگترین ئەم هۆکارانەش بریتین لەم هۆکارانەی خوارەوە:

**١. لێسەندنەوەی متمانە و دەست لەکارکێشانەوە و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان:** لێسەندنەوەی متمانە یەکێکە لە کاریگەرترین و مەترسیدارترین ئامرازەکانی چاودێری پەرلەمانی بۆ سەر کارەکانی حکومەت، هەروەها هۆکارێکە بۆ دواکەوتنی ئامادەکردنی بودجەی گشتی، مەبەست لە لێسەندنەوەی متمانە ئەوەیە کە پەرلەمان متمانە لە وەزیرێک یان هەمو وەزیرەکان وەردەگرێتەوە، واتا بەرپرسیاریەتی تاکە کەسی یان بەرپرسیاریەتی هاوئەرکی دروست دەبێت(خالید، ٢٠١٠، ٧١). هەرکاتێک پەرلەمان بڕیاریدا بە لێسەندنەوەی متمانەی لە حکومەت یان لە وەزیرێک بەتایبەت لە وەزیری دارایی ئەوا کاریگەری لەسەر قۆناغەکانی بودجەی گشتی دەبێت، دەستوری کۆماری عێراق ساڵی(٢٠٠٥) لە مادەی(٦١/هەشتەم) دا چۆنیەتی لێسەندنەوەی متمانەی لە وەزیرەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران باسکردوە، لە ڕوی کردارییەوە لە دوای ساڵی(٢٠٠٣) چەند وەزیرێک متمانەیان لێسەندراوەتەوە، بەڵام یەکجار وەزیری دارایی متمانەی لێسەندراوەتەوە، دەتوانین بڵێین لێسەندنەوەی متمانە ئەگەر کاریگەری ڕاستەوخۆشی نەبێت ئەوا کاریگەری ناڕاستەوخۆی لەسەر بنەمای ساڵانە دەبێت و دەبێتە هۆکارێک بۆ دواکەوتن یان نەبونی بودجەی گشتی. جگە لە لێسەندنەوەی متمانە دەکرێت دەست لەکارکێشانەوەی وەزیرێک بەتایبەت وەزیری دارایی یان سەرۆک وەزیران ببێتە هۆی دواکەوتن یان نەبونی بودجەی گشتی، لەڕوی کردارییەوە یەکجار سەرۆک وەزیران لە دوایی ساڵی(٢٠٠٣) وە

دەستی لەکارکێشاوەتەوە و بە دیاریکراوی لە ڕێکەوتی(٢٠١٩/١١/٣٠) بە هۆی کۆمەڵێک فشاری سیاسی، هەروەها خۆپیشاندانی تشرینییەکان و فتوای مەرجەعی باڵای شیعەکان بۆ گۆڕینی حکومەت.

هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانیش یەکێکە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی. لە سیستەمی پەرلەمانیدا پێویستە هاوسەنگی و یەکسانی لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردندا هەبێت، وەک چۆن پەرلەمان مافی لێسەندنەوەی متمانەی هەیە لە حکومەت لەبەرامبەردا حکومەتیش مافی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە. هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بریتیە لە هەڵوەشاندنەوە یان کۆتاییهێنان بە ئەرکی پەرلەمان پێش کۆتایی هاتنی ئەو ماوە یاساییەی کە بۆی دیاری کراوە. هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان بە چەند شێوەیەکە بەجۆرێک دەکرێت هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان هەڵوەشاندنەوەی وەزاری بێت لە ئەگەری دروستبونی ناکۆکی نێوان حکومەت و پەرلەمان، یاخود پەرلەمان خۆی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە کە پێی دەوترێت هەڵوەشاندنەوەی خودی یان هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دەرئەنجامێکی حەتمیە لە ئەنجامی ڕێکنەکەوتن لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکی دەوڵەت، یاخود سەرۆکی دەوڵەت بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان دەدات(الظاهدي و العليلي، ٢٠١٩، ٥٥٧-٥٥٨).

دەستوری کۆماری عێراق سالی(٢٠٠٥) لە مادده(٦٤)دا باسی لەسەر چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران کردوە. هەر چەندە لە ڕوی کردارییەوە تا ئێستا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵنەوەشێندراوەتەوە، بەڵام دەکرێت لە داهاتودا هەڵبوەشێندرێتەوە و ببێتە هۆکارێک بۆ دواکەوتنی بودجەی گشتی، هەر بۆیە پێشنیار دەکەین کە ماددەی(٦٤)ی دەستوری عێراق هەموار بکرێتەوە و دەقێک زیاد بکرێت کە ڕێگری لە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بکات لەکات و وادەی پەسەندکردنی بودجەی گشتی بۆ ئەوەی نەبێتە هۆکاری دواکەوتن یان نەبونی بودجە.

**٢. نەبونی پێوەرێکی جێگیر و متمانەپێکراوکە پشتی پێ ببەسترێت بۆ دابەشکردنی تەرخانکردنی دارایی لە نێوان هەرێم و پارێزگاکان:** ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی ئامادەکردنی بودجەی گشتی لە عێراقی فیدراڵدا، دەستوری ساڵی(٢٠٠٥)ی عێراق لە چەند ماددەیەکدا باس لەوەدەکات کە پێویستە ڕەچاوی دادپەروەری و شەفافیەت و ژمارەی دانیشتوان و ناوچە زەرەرمەندبوەکان بکرێت لە کاتی تەرخانکردن و دابەشکردنی داهاتدا(الدستور،٢٠٠٥، المادة١٠٦ و ١١٢/اولا و١٢١/ثالثا)، بەڵام بەهۆی نەبونی سەرژمێرییەکی جێگیر و دروستی ژمارەی دانیشتوان و پشتبەستن بە داتا و زانیاری وەزارەتی بازرگانی و کارتی بەشەخۆراک بۆ دیاریکردنی ژمارەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەک، کە ئەمەش پێوەرێکی نادروستە و دەبێتە هۆی دروستبونی کێشەو دواتر دواکەوتنی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بودجە، هەروەها کێشەی دیاریکردنی سنورە جوگرافییەکانی هەرێم و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لەناو هەرێمێکدا هۆکارێکی دیکەی دواکەوتنی ئامادەکردنی بودجەیە بەو پێیەی هێشتا مشتومڕ لەنێوان دیاریکردنی سنوری جوگرافییەکانیان هەیە، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە پێیان دەوترێت ناوچە کێشە لەسەرەکان(الجبوري، ٢٠١٥، ١٥٩-١٦٠)، هەروەک ڕون و ئاشکرایە کە لە ساڵی(٢٠٢٤) سەرژمێرییەکی سەرتاسەری لە تەواوی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی بودجەی ساڵی(٢٠٢٥) لە چواچێوەی یاسای بودجەی سێ ساڵی بۆ ساڵەکانی(٢٠٢٣، ٢٠٢٤، ٢٠٢٥) دایە و تاوەکو ئێستاش خشتەکانی بودجەی ساڵی(٢٠٢٥) پێشکەشی پەرلەمان نەکراون، کەواتە دەتوانین بڵێین تا ئێستا کار بە ئەنجامەکانی سەرژمێری ساڵی(٢٠٢٤) نەکراوە لە بواری بودجەی گشتی و بابەتی دابەشکردن و تەرخانکردنی داهات لە نێوان هەرێم و پارێزگاکان، هەر بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە لە ساڵانی داهاتودا ئەنجامەکانی سەرژمێرییەکە لەبەرچاو بگیرێت لە کاتی ئامادەکردنی بودجە و دابەشکردن و تەرخانکردنی داهاتە گشتییەکان لە نێوان هەرێم و پارێزگاکان.

**٣. کێشەی خەملاندنی خەرجی و داهاتە گشتییەکان و کەم ئەزمونی فەرمانبەرانی حکومەت و لاوازی دامەزراوە کارگێڕییەکان:**

هۆکارێکی دیکەی دواکەوتنی ئامادەکردنی بودجەی گشتییە و کۆمەڵێک کێشەن کە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

**أ.** زۆرجار وەزارەت و دامەزراوەکان دوادەکەون لە ئامادەکردنی بودجەی خۆیان و ناردنی بۆ وەزارەتی دارایی یاخود هەندێک پرۆژە لەلایەن ئەم وەزارەت و دامەزراوانە داواکراوە کە پەیوەندییان بە وەزارەتەکەوە نییە یان لەوانەیە لەگەڵ پلانی گەشەپێدان نەگونجێت، هەروەها نەبونی هەماهەنگی لەنێوان وەزارەت و دامەزراوەکان هۆکارێکی دیکەیە بۆ دواکەوتنی ئامادەکردنی بودجەی گشتی، هەروەها پەیڕەوکردنی ڕێکارە ڕۆتینییە ئاڵۆزەکان و بەکارنەهێنانی ڕێگای هاوچەرخی پەیوەندی و گواستنەوەی زانیاری لە نێوان وەزارەتەکاندا دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئامادەکردنی بودجەی گشتی(عبود، ٢٠١٢، ١٣).

**ب.** لە عێراق ئەرکی ئامادەکردنی بودجە لەئەستۆی وەزارەتەکانی دارایی و پلاندانانە، بەڵام ڕەنگە هەندێک کێشەی تەکنیکی و کارگێڕی لەناو وەزارەتەکاندا ببێتە هۆی دواکەوتنی ئامادەکردنی بودجەی گشتی، کە گرنگترین ئەو کێشانەش بریتین لە کەم ئەزمونی لە کاروباری دارایی و نەبونی زانیاریی پێویست و دروست سەبارەت بە کاروباری دارایی دەوڵەت، هەروەها کەم ئەزمونی فەرمانبەران لە کاروباری دارایی و ژمێریاری و ناکارامەیی و لاوازی دەزگاکانی حکومەت(صابر، ٢٠٢٢، ٥٤).

**ج.** هەندێک وەزارەت و دامەزراوەی نەبەستراو بە وەزارەتەکان ژمارە و ناوی هەڵە بۆ خەرجییەکانیان دەخەنەڕو یان ئەو بەڵگەنامانە هاوپێچ ناکەن کە پشتگیری لە خەملاندنەکانیان دەکەن، هەروەها زۆرجار ئەو ڕێنماییانەی کە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەردەچن نارونی یان دژیەکی هەیە لەنێوانیاندا سەرئەنجام دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و هەڵەکردن و دژیەکی لەناو پرۆژە یاسای بودجەی گشتیدا(عبدالله، ٢٠٠١، ١٢٠-١٢١).

**د.** لاوازی دیدگای ستراتیژی هەمەلایەنە بۆ پرۆژە یاسای بودجەی گشتی هۆکارێکە بۆ دواکەوتنی بودجەی گشتی(البياتي،٢٠١٨، ١٣٤).

**هـ-** پابەندنەبونی هەندێک لایەن بە پەیڕەو و ڕێنمایی ئامادەکردنی بودجە کە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەرچوە، هەروەها هەندێک لە دامەزراوە حکومییەکان داتای ڕونکردنەوەیان سەبارەت بە ڕەشنوسی بودجەی پێشنیارکراوی خۆیان نەخستۆتەڕو، یاخود خەملاندنەکانیان لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە و ئامار و شیکارییەکی ورد و ڕون نییە، لەگەڵ ئەوەشدا کەمی فەرمانبەری تایبەتمەند و لێهاتو لە پرۆسەی ئامادەکردنی بودجەدا و کەمی ڕاهێنانی بەردەوام لەسەر ئاستی بەشی بودجە و ژمێریاریی لە وەزارەت و فەرمانگە گشتییەکان و لاوازی یان نەبونی ئامرازی مۆدێرن و نوێ لە پرۆسەی ئامادەکردنی بودجە و نەبونی داتا و بەکارنەهێنانی توێژینەوە زانستییەکان لە پرۆسەی ئامادەکاری بودجەدا، هەروەها لاوازی سیستەمی ژمێریاری لە دابینکردنی داتای جۆراوجۆری ورد بۆ ئامادەکردنی بودجە و نەبونی داتای وردی دارایی و ئابوری بۆ ئەوەی ئامادەکارانی بودجە پشتی پێ ببەستن لەکاتی ئامادەکردنی بودجەدا(شكري،١٩٩٠، ٨٣-٨٢).

**٤. سروشتی سیستەمی سیاسی دەوڵەت و ململانێی سیاسی و نەبونی هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی:** سیستەمی سیاسی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ڕێڕەوی بودجەی گشتی و ڕادەی پابەندبون بە بنەماکانی بودجەی گشتی دەبێت. عێراق لە دوای ساڵی(٢٠٠٣) بوە دەوڵەتێکی فیدراڵی و دەسەڵاتەکان لە نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و هەرێم و پارێزگاکان دابەشبو، بەڵام بەهۆی

یەکلانەکرنەوەی بابەتە داراییەکان و بونی کێشــە و ململانێی بەردەوام لە نێوان دەســەڵاتی فیدراڵی و هەرێم و پارێزگاکان هۆکار گەلێکن بۆ دواکەوتنی بودجەی گشــتی(فرحان، ٢٠١٨، ٣٨-٤٢). ســیســتەمی ســیاسی عێراقی فیدراڵ لەســەر بنەمای فرە حزبی و حوکمڕانی بەشــدارانە دامەزراوە بەجۆرێک ئەم حزبانە لە پێناو گەیشــتن بە دەســەڵات کێبڕکێی یەکتردەکەن و دواتر پەنا بۆ هاوپەیمانییەتی دەبەن بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر بودجە جێهێشــتوە، چونکە دابەشــکردنی پۆســتەکان بەپێی ڕەچاوکردنی نەتەوەیی و تائیفییە، نەک لەســەر بنەمای لێهاتویی، دواتر ئەم بنەمایە بو بە داب و نەریتی ســیاسی لە ئاســتی هەمو دامەزراوەکانی حکومەتدا و بوە یەکێک لە کێشــە قورســەکانی بەردەم بنیاتنانی دەوڵەتی نیشــتیمانی لە عێراقدا، ســەرئەنجام حوکمڕانی لە ڕێگای هاوپەیمانی نێوان لایەنە ســیاســیەکانی هەمو پێکهاتە گرنگەکانی کۆمەڵگەی عێراق بوە هۆی نەبونی ئۆپۆزیســیۆنی ســیاسی، بەجۆرێک هەم حکومەت و هەمیش ئۆپۆزسیۆنن لە یەک کاتدا و بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەپێی پشکی حزبی و دور لە بەرژەوەندی گشتی دەبێتە هۆی دروستکردنی کاریگەری خراپ لەسەر بودجە و دواکەوتنی بودجەی گشتی(کاظم، ٢٠٢٣، ٨٢-٨٣)، جگە لەوانەی سەرەوە دامەزراندنی عێراقی نوێ لەسەر بنەمای سازان و هاوسەنگی کاریگەری نەرێنی لەسەر زۆر بابەتی یاسایی و دارایی هەبوە.

به بۆچونی توێژەران هەمو ئەوانەی پێشـــو هۆکارن بۆ دواکەوتنی ئامادەکردنی بودجە، هەروەها چەندین ناکۆکی ململانێی ناوخۆی و دەرەکی لە عێراق بونیان هەیە کە دەبنە هۆکار بۆ دواکەوتنی ئامادەکردنی بودجەی گشـــتی وەک پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی. ناکۆکی و ململانێی سیاسی کاریگەری نەرێنی لەسەر دۆخی ئابوری و دارایی عێراق هەبوە، چونکە بڕیارە ســیاســیەکان بەســەر بڕیارە ئابورییەکاندا زاڵبون لە ئەنجامدا بڕیاری نادروســتی ئابوری لە پێناوی کۆدەنگیی سیاسیدا دراوە و کاریگەری نەرێنی لەسەر بودجە هەبوە و بەو پێیەی پەسەندکردنی بودجە لەئەنجامی ناکۆکییە سیاسییەکان زۆربەی ساڵەکان دواکەوتوە(سندس، ٢٠١٤، ١٤-١٥).

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان بریتییە لە ململانێی سیاسی و نەبونی هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردســتان و حکومەتی فیدراڵی، بەجۆرێک ناکۆکییە ســیاســیەکانی نێوان هاوپەیمانیەتی و فراکســیۆن و لایەنە ســیاســیەکانی ناو پەرلەمان هۆکارێکی ســـەرەکییە بۆ پەســـەندنەکردنی بودجە لە وادەی یاســـایی خۆیدا، ئەمەش لەڕێگای ڕێگریکردن لە تەواوبونی ڕێژەی یاســـایی بۆ دانیشـــتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و بەشـــداری نەکردنی ئەندامان لە گفتوگۆکردنی بودجە(علي،٢٠٢١، ٣٩٧)، هەروەها هەندێکجار لایەنە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان هەوڵدەدەن پەسەندکردنی بودجە دوابکەوێت کاتێک بۆیان دەردەکەوێت کە ڕەشـنوسی بودجەی پێشـکەشـکراو لەگەڵ ئامانج و دروشـم و ئەو بەڵێنانە ناگونجێت کە بە جەماوەرەکانیان داوە، بۆیە هەوڵی دواخســـتن یان هەموارکردنەوەی پرۆژە یاســـای بودجە دەدەن لە ڕێگای ئەندامەکانیان لەناو لیژنە پەیوەندیدارەکانی بودجە لە پەرلەمان بۆ ئەوەی بتوانن ئامانجەکانیان بەدەســـت بهێنن(التميمي، ٢٠١٩، ١١٩). ململانێی نـاو پەرلەمـانی عێراق زۆرجـار پەســـەنـدکردنی بودجە دوادەخـات، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لایەنە ســیاســیەکان بەرژەوەندی خۆیان دەخەنە ســەرو بەرژەوەندی گشــتی و ڕێگری لە پەســەندکردنی یاسا گرنگەکان دەکەن، سەرئەنجام پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجە دوادەکەوێت تا ئەنجامدانی ڕێککەوتنی سیاسی و بەدەســتهێنانی دەســتکەوتی تەســکی حزبی لەســەر حســابی بەرژەوەندی گشــتی ئەمەش یەکێکە لە فۆڕمەکانی لادانی پەرلەمان لە بەکارهێنانی دەســەڵاتەکەیدا، لەگەڵ ئەوەشــدا هەندێک بڕگە و مادده هەن لە ناو پرۆژە یاســای بودجەی گشـــتیدا ئەنجومەنی وەزیران ناتوانێت یەکلاییان بکاتەوە بەهۆی تێڕوانینی ســیاسی و سروشــتی بابەتەکە، هەربۆیە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی بەجێدەهێڵێت ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی پەســـەندکردنی بودجە. گرنگترین ئەم بـابەتە

ســـیاســـیانەی کە دەبنە هۆکار لەبەردەم دواکەوتنی پەســـەندکردنی بودجە لە عێراق بریتین لە ململانێی ناوچەگەرایی و نەتەوەیی و هۆزگەرایی و چەندین بابەتی دیکە، هەروەها درێژی دانیشـــتنەکانی پەرلەمان و ناکۆکی یاســـایی و ســـیاسی دەســـەڵاتی یاســـادانان لەگەڵ حکومەت هۆکارێکی دیکەی دواکەوتنی پەســـەندکردنی پرۆژە یاســـای بودجەی گشتییە(سرخان و حمزة، ٢٠٢٣، ٦).

نەبونی هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و حکومەتی فیدراڵی و کێشـــە و ناکۆکییە بەردەوامەکانی نێوانیان یەکێکە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی ئامادەکردن و پەسـەندکردنی بودجە، کۆمەڵێک کێشـەی هەڵواسراو لەنێوان ئەم دو دەسـەڵاتە هەیە گرنگترینیان پشـکی هەرێم لە بودجەی فیدراڵی و هەناردەکردنی نەوتی هەرێم و بودجەی هێزی پێشـمەرگە و ناوچە دابڕێندراوەکان و داهاتی ناوخۆی هەرێم و نەبونی یاسـای نەوت و گازی فیدراڵی، کە زۆرجار بونەتە هۆی دواکەوتنی ئامادەکردن و پەسـەندکردنی بودجە، هەروەها نەبونی هەماهەنگی و هاوکاری نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم ســـەبارەت بە پرۆژە یاســـای بودجەی گشـــتی. هەربۆیە پێشـــنیاری ئەوە دەکەین ئامادەکردن و پەســـەندکردنی بودجە لەســـەر بنەمای دەســـتور بێت و دوربێت لەهەمو ململانەیەکی ســـیاسی و نەتەوەیی، هەروەها هەوڵی تەواو بدرێت بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــە بەردەوام و هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغداد لەســـەر بنەمای دەستور.

**٥. نارەزایەتی دەربڕینی سەرۆکی دەوڵەت لەسەر پرۆژە یاسای پەسەندکراو:** هەروەک ڕون و ئاشکرایە یەکێک لە ڕواڵەتەکانی هاوکاری نێوان دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبەجێکردن ڕاگەیاندنی ڕەزامەندی سـەرۆکی دەوڵەتە لەسـەر ئەو پرۆژە یاسـایانەی پەرلەمان پەسـەندی کردون (مصـطفی، ٢٠٢٣، ٧٥)، پەسـەندکردنی سـەرۆکی دەوڵەت بەیەکێک لە قۆناغەکانی دەرچواندنی یاساکان دادەندرێت، لە عێراق سەرۆکی کۆمار لە ئێستادا مافی دەربڕینی نارەزایەتی و گەڕانەوەی پرۆژە یاسـاکانی بۆ پەرلەمان نییە بەپێ مادە(٧٣) لە دەسـتوری سـاڵی(٢٠٠٥)، هەرچەندە بۆماوەیەکی کاتی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کە لە شوێنی سەرۆک کۆماری ئێستا بو مافی نارەزایەتی دەربڕینی پێدرابو بەپێی مادەی(١٣٨)ی دەستور، لە ڕوی کردارییەوە یاسای بودجەی ساڵی(٢٠١٨) لەلایەن سەرۆکی کۆمار ڕەتکرایەوە بەهۆی بونی پێشێلکاری دەستوری تێیدا، ئەمەش بوە هۆکارێک بۆ زیاتر دواکەوتنی بودجەی گشتی ئەو ساڵە(کریم، ٢٠٢٢، ١١٢-١١٣).

**٦. ئەو هۆکـارانەی پەیوەنـدیـدارن بە پەرلەمـان:** بێگومـان کۆمەڵێـک هۆکـار هەن کە دەبنە هۆی دواکەوتنی پەســـەندکردنی بودجەی گشـــتی یاخود نەبونی کە پەیوەندیدارن بە پەرلەمان، گرنگترین ئەو هۆکارانەش لەم بڕگانەی خوارەوەدا دەخەینەڕو:

**أ. لاوازی پەرلەمان:** لاوازی ڕۆڵی پەرلەمان یەکێکە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی پەســـەندکردنی بودجەی گشـــتی، ئەم لاوازییەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، یەکێک لەو هۆکارانە بریتیە لە کەم ئەزمونی و نەبونی شـــارەزایی یاســـایی و هونەری بەشـــێکی زۆری ئەندامانی پەرلەمان لەبابەتی دارایی و ئابوری و بەتایبەت لە بابەتی بودجەی گشـــتی، هەروەها بونی زۆرینەیەکی پەرلەمانی کە پشـــتگیری حکومەت دەکات و چاوپۆشی لە کەمتەرخەمییەکانی دەکات کە هۆکارێکی دیکەی دواکەوتنی پەسـەندکردنی بودجەیە. لەگەڵ ئەوەشـدا لاوازی ڕۆڵی ئۆپۆزسـیۆن دەبێتە هۆی لاوازی پەرلەمان، بەهۆی ئەوەی لە عێراق هەمیشـــە حکومەتی بنکە فراوان پێکهاتوە و ئۆپۆزســـیۆن کەمینەیەکی لاوازبون نەیانتوانیوە بەرامبەر حکومەت بوەستنەوە و گۆڕانکاری دروست بکەن، سەرئەنجام بۆتە هۆی لاوازی پەرلەمان و دواتر دواکەوتنی پەسـەندکردنی بودجە. بۆیە پێشـنیاری ئەوە دەکەین کە لەمەوبەدوا حکومەتی بنکە فراوان پێکنەهێندرێت و حکومەتی

زۆرینە شوێنی بگرێتەوە، ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و کاریگەر لەناو پەرلەمان دروستبکرێت بە ئامانجی ئەنجامدانی چاودێریەکی کارا و کاریگەر.

**ب. تەواو نەبونی ڕێژەی یاسایی بۆ دانیشتنی پەرلەمان و ئامادەنەبونی ئەندامانی پەرلەمان:** ئەمەش هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی پەسەندکردنی یاساکان، کە لە ئەنجامی ئامادەنەبونی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان دروست دەبێت و دەبێتە هۆی پەکخستنی ئەنجومەنی نوێنەران و نارێکی دانیشتنەکانی، ئەمەش بەهۆی لاوازی هۆشیاری دارایی ئەندامانی پەرلەمانە لە گرنگی دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی گشتی پێش دەستپێکی ساڵی دارایی، هەروەها بەیەکتری بەستنەوەی ئامادەبون و دەنگدان لەسەر یاسای بودجە بەهەندێک یاسای دیکە. بۆنمونە لە کاتی گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی ساڵی(٢٠١٣) زیاتر لە جارێک دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دواخراوە بەهۆی تەواونەبونی ڕێژەی یاسایی دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران، بەدیاریکراوی دانیشتنی ژمارە(١٣)ی ئەنجومەنی نوێنەران کە لە(٢٠١٣/٣/٤) بەڕێوەچو، بەڵام بەهۆی تەواونەبونی ڕێژەی یاسایی بڕیاردرا بە دواخستنی دانیشتنەکە بۆ(٢٠١٣/٣/٥)، بەڵام دوبارە بەهۆی تەواونەبونی ڕێژەی یاسایی دانشتنەکە دواخرا بۆ(٢٠١٣/٣/٦).

ئێمە پێمان وایە هۆکاری ئەو ڕێژە بەرزەی ئامادەنەبونی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و ئەنجام نەدانی کاری پەرلەمانی بۆ نەبونی سزای گونجاو دەگەڕێتەوە و پێشنیاری دانانی سزای گونجاو و کاریگەر دەکەین بۆ ناچارکردنی ئەندامانی پەرلەمان بەئامادەبونیان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و لیژنە تایبەتمەندەکان، لە ڕێگەی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

**ج. ڕەتکردنەوەی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی یاخود گەڕاندنەوەی پرۆژە یاسای بودجە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن:**

دەسەڵاتی یاسادانان مافی ڕەتکردنەوەی پرۆژە یاسای بودجەی هەیە جا ڕەتکردنەوەی بەشێکی بێت یان هەموی، لەوانەیە ڕەتکردنەوەی پرۆژە یاسای بودجە ببێتە هۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی بەهۆی ئەوەی پێوستە دوبارە دەسەڵاتی جێبەجێکردن پرۆژە یاسایەکی نوێی بودجە ئامادەبکات و پێشکەشی پەرلەمانی بکات ئەمەش پێویستی بەکاتێکی زۆر هەیە. لە ڕوی کردارییەوە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چەند جارێک پرۆژە یاسای بودجەی بۆ حکومەت گەڕاندۆتەوە، بۆنمونە ڕەشنوسی بودجەی ساڵانی(٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩)(محمد، ٢٠١٣، ٧٥). هەروەها هەندێک جار دەسەڵاتی یاسادانان پرۆژە یاسای بودجەی گشتی دەگەڕێنێتەوە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەمە بەزۆری لەو کاتەدا ڕودەدات کە پەرلەمان پێشنیاری هەمواری پرۆژە یاسای بودجەی کردوە بە ئاراستەی زیادکردنی کۆی خەرجییەکان و پێویستە بگەڕێندرێتەوە بۆ حکومەت و دواتر پێشکەشی پەرلەمان بکرێتەوە زۆر جار ئەم کردارانە دەبنە هۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی.

**د. گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی گشتی لە پێشینەی کارەکان نییە:**

سەرەڕای گرنگی یاسای بودجەی گشتی و بونی تایبەتمەندی کاتی بودجە، بەڵام لە عێراق دەستور و یاسای بەڕێوەبردنی دارایی بەرکار دەقیان لەسەر لە پێشینە دانانی گفتوگۆ و پەسەندکردنی بودجەی گشتی نەهێناوە، لەڕوی کرداریشەوە زۆر جار پەرلەمان لەبری گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای بودجە سەرقاڵی بابەتی دیکە بوە و سەرئەنجام بۆتە هۆکاری دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە(الدليمي، ٢٠٢٤، ٢٠٧-٢٠٨)، بۆ نمونە لەکاتی پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی ساڵی(٢٠١٣) و بە دیاریکراوی لە دانیشتنی ژمارە(٩)ی ئەنجومەنی نوێنەران لە

ڕێکەوتی(٢٠١٣/١/٢٨) بەرنامەی کاری ئەنجومەنەکە جگە لە گفتوگۆکردنی پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی چەند بابەتێکی دیکەی لە خۆگرتبو، کە بریتی بون لە گفتوگۆکردنی یاسای وەزارەتی تەندروستی و هەمواری یەکەمی یاسای پاراستنی بەرهەمی عێراقی ژمارە(١١)ی ساڵی(٢٠١٠)، خوێندنەوەی دوەم بۆ هەمواری دوەمی یاسای گەڕاندنەوەی سیاسیە لە کار دورخراوەکان(إعادة المفصولين السياسين) ژمارە(٢٤)ی ساڵی(٢٠٠٥)، هەر بۆیە ئێمە پێمان وایە پێویستە گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی لەپێشینەی کارەکانی پەرلەمان بێت بە بەراورد بە کارەکانی دیکە، هەروەها پێویستە دانیشتنەکانی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای بودجە بەشێوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ و جیا لە هەمو بابەتێکی دیکە بکرێت بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت بۆ خێراکردنی گفتوگۆ و دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای بودجە.

**هـ. نەبونی لیژنە و فەرمانگەیەکی تایبەت بە کاروباری بودجەی گشتی لە ناو ئەنجومەنی نوێنەران:**

بەبۆچونی ئێمە نەبونی لیژنەیەکی هەمیشەیی تایبەت بەکاروباری بودجەی گشتی لەناو پەرلەمان هۆکارێکی دیکەی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتییە، هەروەها نەبونی فەرمانگەیەکی تایبەتمەند و هەمیشەیی لە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ڕێکخستنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی، بۆیە پێشنیاری دروستکردنی لیژنەیەک دەکەین لەژێر ناونیشانی لیژنەی بودجەی گشتی کە تایبەتمەندبێت بە ڕێکخستنی کاروباری بودجەی گشتی سەرەڕایی بونی لیژنەی دارایی پەرلەمان، هەر چەندە لیژنەی دارایی بەپێی ماددەی(٨٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کۆمەڵێک کاروباری دارایی و ئابوری پێسپێردراوە لە ناویاندا ڕێکخستنی بودجەی گشتی، بەڵام بە بۆچونی ئێمە بونی لیژنەیەکی تایبەت بەناوی لیژنەی بودجەی گشتی یارمەتیدەرێکی باش دەبێ بۆ گرەنتیکردنی پەیڕەوکردن و پابەندبون بە بنەمای ساڵانە، لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیاری دروستکردنی فەرمانگەیەکی تایبەتمەند لەناو ئەنجومەنی نوێنەران لە کەسانی شارەزا و خاوەن بڕوانامە لە زانستی ئابوری و سیاسی و یاسای داراییدا.

**٧. درەنگ پێکهێنانی حکومەت و کۆتایی هاتنی وەرزی یاسادانان یان خولی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ:** دانوستانەکانی پێکهێنانی حکومەت لە عێراق ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، ئەمەش ڕێگری دەکات لە ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجە لە وادەی دیاریکراودا، دیارترین نمونە کە لەم ڕووەوە ئاماژەی پێبدەین دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتە لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ساڵەکانی(٢٠١٠، ٢٠١٤، ٢٠٢١) کەبوە هۆی دواکەوتنی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی بۆ ساڵی دارایی دوای هەڵبژاردن، هەر بۆیە بەپێویستی دەزانین هەمیشە پەلە بکرێت لە پێکهێانی حکومەت.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆتایی هاتنی وەرزی یاسادانان یەکێکە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام لە دەستوری هەندێ دەوڵەت بەنمونە دەستوری دەوڵەتی عێراق ڕێگری دەکات لە کۆتایی هێنان بە وەرزی یاسادانان کاتێک پرۆژە یاسای بودجەی گشتی خراوەتە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران تاوەکو پەسەندی دەکات(الدستور،٢٠٠٥، المادة ٤٨)، هەروەها کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ دەبێتە هۆی دواکەوتن یان پەسەندنەکردنی بودجەی گشتی(الدليمي،٢٠٢٤ ، ٢٠٨).

بۆ نمونە لە کاتی پەسەندکردنی بودجەی گشتی ساڵی(٢٠١٤) وەرزی یاسادانان و ماوەی یاسایی خولی دوەمی هەڵبژاردن کۆتایی هات دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای بودجە و پێش پەسەندکردنی بودجەی گشتی بەشێوەی کۆتایی، بەڵام دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەران لە دانیشتنی ژمارە(٢)ی کە لە ڕێکەوتی(٢٠١٤/٧/٢٣)بەڕێوەچو، ئەنجومەنی نوێنەران بڕیاریدا بە پوچەڵکردنەوەی خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە

یاسـای بودجەی گشـتی سـاڵی(٢٠١٤)، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی خوێندنەوەکە هیچ کاریگەریی و شـوێنەوارێکی یاسـایی نەماوە، هەروەها لە هەمان دانیشـــتندا بڕیاردرا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی دارایی کاتی بۆ دەســـتپێکردنەوەی ڕێکارەکانی گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای بودجەی گشتی ساڵی(٢٠١٤).

سەرئەنجام هەمو ئەو کارانە و چەند هۆکارێکی دیکە بونە هۆی نەبونی پڕۆژە یاسای بودجەی گشتی ساڵی(٢٠١٤). بۆیە بەپێویســـتی دەزانین هەوڵبدرێت بۆ دیاریکردنی کاتێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەگەڵ ڕەچاوکردنی کاتی گونجاو بۆ پێکهێنانی حکومەت کە نەبێتە هۆکاری دواکەوتنی بودجە.

**٨. کەموکوڕی یاسـایی و دەسـتوری:** کۆمەڵێک کەموکوڕی لە دەسـتور و یاسـای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵیدا بونیان هەیە کە کاریگەریـان لە ســـەر بودجەی گشـــتی هەیە، بەنمونە نەبونی سزا لە ئەگەری دواکەوتنی ئـامـادەکردن و پەسـەندنەکردنی بودجە بۆ حکومەت و پەرلەمان، هەروەها دیارینەکردنی وادەیەکی دیاریکراو بۆ پێشـکەشـکردنی پڕۆژە یاسای بودجە بە پەرلەمان و دیارینەکردنی وادەیەکی دیاریکراو بۆ پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەری. پێویستە گرنگی زیاتر بە پرسی دواکەوتنی بودجەی گشـتی بدرێت بۆیە پێشـنیاری ئەوە دەکەین کە دەسـتور و یاسـای بەڕێوەبردنی دارایی بەرکار هەمواربکرێنەوە و سزای گونجـاو بۆ حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەران دابنــدرێن لە ئەگەری پـابەنـدنەبون بەوادە دیاریکراوەکانی ئامادەکردن و پەسـەندکردنی بودجە بەبێ هۆکار و پاسـاوی لۆژیکی وەکو سزای لێسـەندنەوەی متمانە لە حکومەت یان هەڵوەشـاندنەوەی پەرلەمان، هەروەها دیاریکردنی وادەیەک بۆ ناردنی پڕۆژە یاسـای بودجەی گشـتی بۆ پەرلەمان و دانانی وادەیەکیش بۆ پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی لە دەستوردا.

**٩. هۆکاری ئابوری و دروســتبونی بارودۆخی لەناکاو:** ڕون و ئاشــکرایە ئابوری و بودجەی دەوڵەتی عێراق پشــتی بە داهاتی نەوت بەســـتوە، لەوانەیە وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران هەڵە بکەن لە خەمڵاندنی نرخی نەوت و پێش پەســەندکردنی لەلایەن پەرلەمان، گۆڕانکاری لە نرخی نەوت ڕوبدات و پێویســت بکات دوبارە پڕۆژە یاســای بودجەی گشـــتی دابڕێژرێتەوە لەســـەر بنەمای گۆڕانکارییە ئابورییەکان و بگەڕێنـدرێتەوە ئەنجومەنی وەزیران و ببێتە هۆکاری دواکەوتنی ئـامـادەکردن و پەســـەنـدکردنی بودجە. بۆنمونە ئەنجومەنی وەزیران دوجـار پڕۆژە یـاســـای بودجەی ساڵی(٢٠٠٩)ی لە ئەنجومەنی نوێنەران کشاندەوە بە مەبەستی هەموارکردنەوەی خەمڵاندنی داهات بەهۆی دابەزینی بەرچـاوی نرخی نەوت، هەروەهـا لەوانەیە نـاجێگیری و قورسی پێشـــبینی و دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت ببێتە بەربەسـتێک لەبەردەم قۆناغی ئامادەکردن و پەسـەندکردنی بودجە، لە ڕوی کرداریشـەوە ئەم بەربەسـتانە بۆ بودجەی سـاڵی(٢٠١٤) دروسـت بو(جاسـم، ٢٠١٦، ١٠٣)، بۆیە پێویسـتە هەوڵبدرێت ڕێژەی پشـتبەسـتن بە داهاتی نەوت کەمبکرێتەوە لەڕێگەی برەودان بە داهاتە جۆراوجۆرکانی دیکە.

دروســـتبونی بارودۆخی لەناکاو دەکرێت ببێتە هۆکارێک بۆ دواکەوتن یان نەبونی بودجە. دەوڵەت هەندێکجار ڕوبەڕوی کۆمەڵێک بارودۆخی لەناکاو و نەخوازراو دەبێتەوە و لەوانەیە کاریگەری ڕاسـتەوخۆیان لەسـەر ڕەوتی بودجەی گشـــتی هەبێت، لە دوای ســـاڵی(٢٠٠٣) عێراق ڕوبەڕوی چەندین بارودۆخی نەخوازراو بۆتەوە بەنمونە هاتنی گروپی تیرۆرسـتی دەوڵەتی ئیسـلامی لە عێراق و شـام لە سـاڵی(٢٠١٤) و خۆپیشـاندانی تشرـینییەکان لە سـاڵی(٢٠١٩) و بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ساڵی(٢٠٢٠).

**١٠. نەبونی هەژماری کۆتایی:** پشـتگوێخسـتن و نەبونی هەژمارەی کۆتایی کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسـەر قۆناغەکانی ئامادەکردن و پەسـەندکردنی بودجەی گشـتی، چونکە هەژماری کۆتایی ئاسـانکاری و بەرچاوڕونیە بۆ هەردو دەسـەڵاتی

جێبەجێکردن و یاسادانان و ئامرازێکی یارمەتیدەرە بۆ ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی لە وادەی دیاریکراودا و پەیڕەوکردنی بنەمای ساڵانە.

سەرەڕای ئەوەی دەستوری بەرکار لە ماددە(٦٢/یەکەم)دا ئەنجومەنی وەزیرانی پابەندکردوە بە ئامادەکردنی هەژماری کۆتایی، هەروەها ئەنجومەنی نوێنەرانیشی پابەندکردوە بە پەسەندکردنی هەژماری کۆتایی، لەگەڵ ئەوەشدا دادگای باڵای فیدراڵی لە بڕیاری ژمارە (١٠٣/فیدراڵی/٢٠١٥)دا کە لە ڕێکەوت(٢٠١٥/١٠/١٨) دەرچوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێوستە هەژماری کۆتایی لەسەر شێوەی پرۆژە یاسا ئامادەبکرێت و بە هەمو ڕێکارەکانی دەرچواندنی یاسادا تێبپەڕێت، بەڵام دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ هەژماری کۆتایی پشتگوێ خستوە وگرنگی پێنادات بەجۆرێک لە ساڵی(٢٠١٢)ەوە هیچ ساڵێک هەژماری کۆتایی بۆ ئامادە نەکراوە و ئەو هەژمارانەیشی پەسەندکراون کۆمەڵێک کێشەی یاسایی و ژمێریارییان تێدایە تا ئەو ڕادەیەی کە دەتوانین بڵێین کە دەوڵەتی عێراق لە دوای ساڵی(٢٠٠٣)ەوە بەدەست نەبونی هەژماری کۆتاییەوە دەناڵێنێت(فاروق و بیدار، ٢٠٢٣، ٣٠٨).

لە ڕوی کردارییەوە تەنها ساڵەکانی(٢٠٠٥-٢٠١١) ئەنجومەنی نوێنەران هەژماری کۆتایی پەسەندکردوە، جگە لە دواکەوتن لە پێشکەشکردنیان بە ئەنجومەنی نوێنەران و دواکەوتن لە پەسەندکردنی ئەو هەژمارانەی باسمان کردن، پەسەندکردنەکەشیان لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە لەسەر شێوەی بڕیار بوە نەک لەسەر شێوەی یاسا بەجۆرێک ئەنجومەنی نوێنەران هەژماری کۆتایی ساڵی(٢٠٠٥ و ٢٠٠٦)ی بەپێی بڕیاری ژمارە(٢٤)ی ساڵی(٢٠١٥) پەسەندکردوە، هەروەها هەژماری کۆتایی ساڵی(٢٠٠٧)ی بەپێی بڕیاری ژمارە(٦)ی ساڵی(٢٠١٥) پەسەندکردوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەژماری کۆتایی ساڵەکانی(٢٠٠٨-٢٠١١)ی بەپێی بڕیارەکانی ژمارە(٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨)ی ساڵی(٢٠١٦) پەسەندکردون، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانین گرنگی تەواو بە هەژماری کۆتایی بدرێت و ساڵانە ئامادەبکرێت و پێشکەشی پەرلەمان بکرێت بۆ پەسەندکردن، بەڵام بەشێوەی یاسا دەربچوێندرێت نەوەکو بڕیار.

**١١. لاوازی ڕێکخراوەکانی کومەڵگای شارستانی و ڕاگەیاندن و دەستێوەردانی دەرەکی:** ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای شارستانی و ڕاگەیاندن دەتوانن ڕۆڵێکی باش بگێڕن لە بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و چاودێریکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و باش بەڕێوەچونی ئەرک و کاروبارەکانیان لەناویاندا کاروباری تایبەت بە بودجەی گشتی، بەڵام لە ئێستادا ڕوبەڕوی چەندین ئاستەنگ و ڕێگری بونەوە(الجبوري و الأخرون، ٢٠٢٢، ٥٠٩)، هەر بۆیە ڕێکخراوەکان ناتوانن ئەو ئەرکە گرنگەی سەرشانیان جێبەجێ بکەن، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە کار بۆ زیادکردنی ڕۆڵ و کاریگەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکرێت لە چاودێریکردنی پرۆسەی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتیدا.

دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆی عێراق دەکرێت ببێتە هۆکارێک بۆ دواکەوتنی ئامادەکردن و پەسەنکردنی بودجەی گشتی، هەروەک ڕون و ئاشکرایە دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە لە ساڵی(٢٠٠٣) و پەسەندکردنی دەستوری ساڵی(٢٠٠٥) واقیعێکی سیاسی نوێ لە عێراق سەریهەڵدا(الجبوري و الأخرون، ٢٠٢٢، ٥٠٩). بە بۆچونی توێژەران ململانێ و دەستێوەردانی بەردەوامی دەوڵەتە زلهێزەکان بە تایبەت هەردو دەوڵەتی ئەمریکا و ئێران لە کاروباری ناوخۆی عێراق کاریگەری نەرێنی لەسەر ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی هەبوە. هەر بۆیە بەپێویستی دەزانین کە بودجەی گشتی لەسەر بنەمای هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی و نیشتیمانی ئامادەبکرێت و پەسەندبکرێت و دوربێت لە هەمو دەستێوەردانێکی دەرەکی.

**تەوەرەی سێیەم: کاریگەرییەکانی پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی**

دەوڵەتان بەهۆی چەندین هۆکار و پاساوی سیاسی، یاسایی، ئابوری، دارایی و هونەری پەیڕەوی بنەمای ساڵانە دەکەن و پابەندن پێوەی لە کاتی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی، بەڵام هەندێکجار دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان بەهۆی کۆمەڵێک هۆکار کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن ناتوانن پابەندبن بە بنەمای ساڵانە و وادە دیاریکراوەکانی قۆناغی ئامادەکردن و پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی و دەبێتە هۆی دواکەوتنی پەسەندکردن یان نەبونی بودجەی گشتی، یاخود لەوانەیە دەوڵەت پەنا بۆ ڕێزپەڕەکانی بنەمای ساڵانە بەرێت، سەرئەنجام کۆمەڵێک کاریگەری و دەرئەنجامی نەرێنی بەهۆی نەبونی بودجەی گشتی یان دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی یان پەیڕەوکردنی ڕێزپەڕەکانی بنەمای ساڵانە دروست دەبن، گرنگترین ئەو کاریگەریانەش ئەمانەن:

**١. کاریگەری دارایی و ئابوری:** بودجەی گشتی چەندین گرنگی هەیە لە ڕوی دارایی و ئابورییەوە و پەیڕەوکردنی بنەمای ساڵانەش چەندین پاساو و گرنگی دارایی و ئابوری هەیە، بەڵام دواکەوتن و نەبونی بودجەی گشتی و پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە بێگومان لە گرنگی بودجەی گشتی و بنەمای ساڵانە کەمدەکاتەوە. سەبارەت بە کاریگەری دارایی وەک ڕون و ئاشکرایە بودجەی گشتی بریتییە لە خەمڵاندنی داهات و خەرجییەکان پێکدێت، دواکەوتن یان نەبونی بودجەی گشتی کاریگەری لەسەر کۆکردنەوەی داهاتە گشتییەکان نابێت، چونکە پێشتر و بەیاسایەکی سەربەخۆ و جیا لە یاسای بودجە پەسەندکراون و ڕێگا بە کۆکردنەوەیان دراوە(قطیش، ٢٠٠٥، ٢٠٢)، تەنها کاریگەری لەسەر ئەو داهاتە نوێیانە هەیە کە لە پرۆژە یاسای بودجەی پەسەندنەکراودا هاتون و تا ئێستا پەرلەمان پەسەندی نەکردون(العربي، ١٩٣٨، ٨١)، بەڵام کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خەرجییەکان دەبێت بەتایبەت خەرجییەکانی وەبەرهێنان، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هۆی وەستاندنی و پرۆژە خزمەتگوزاری و پیشەسازی و کشتوکاڵییەکان(محمد، ٢٠٢٤، ٢٦٩). پێشتر ئاماژەمان پێکرد باشترین ماوە لە ڕوی داراییەوە بۆ بودجەی گشتی ساڵێکە، چونکە بەهۆیەوە بە باشترین شێوە دەتواندرێت خەمڵاندن بۆ داهات و خەرجییەکان بکرێت لە ئەگەری پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە ئەمە بەدەست ناهێندرێت.

سەبارەت بەو کاریگەرییە ئابورییانەی دروست دەبن لە ئەنجامی پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە و دواکەوتنی پەسەندکردن و نەبونی بودجەی گشتی، دواکەوتنی بودجەی گشتی دەوڵەت کاریگەری نەرێنی لەسەر سەرجەم بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابوری وڵات هەیە بەتایبەت چالاکی وەبەرهێنان و کەرتی تایبەت، هەروەک ڕون و ئاشکرایە وەبەرهێنان بەشدارییەکی کاریگەری هەیە لە گەشەپێدانی وڵاتان لەسەر هەمو ئاستەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری و ئاستەکانی دیکە. وەبەرهێنان بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی دارایی بۆ پرۆژەکانی گەشەپێدانی ئابوری بەتایبەتی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتودا، هەروەها وەبەرهێنان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و بەدەستهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەڕێگای ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ، ئەمەش یارمەتیدەرە لە دوبارە دابەشکردنەوەی سامان و داهات، بەڵام لە ئەگەری پابەندنەبون بە بنەمای ساڵانە و دواکەوتن لە پەسەندکردنی بودجە ڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسە و سوڕی وەبەرهێنان دەبێت، هەروەها دەبێتە هۆی وەستاندنی گەشەی ئابوری و دابەزینی بەهای دراوی نیشتیمانی و کەمبونەوەی هەلی کار و هەژاری و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی دەبێتە هۆی پەکخستنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە پشت بە بودجەی گشتی دەبەستن، وەک پرۆژەکانی ژێرخانی ئابوری و گەشەپێدانی شارەکان و پرۆژەکانی وزە(سرخان و حمزة، ٢٠٢٣، ٨-١٠).

هەروەها دواکەوتنی بودجە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە بەڵێندەران و لەدەستدانی چەندین هەلی کار و زیادبونی ڕێژەی بێکاری و خاوبونەوەی گەشەسەندنی ئابوری وڵات ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی ئابوری و قوڵبونەوەی قەیرانی

ئابوری. دواکەوتنی بودجە کاریگەری نەرێنی لەسەر متمانەی وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بیانی هەیە کاتێک هەست بە کەموکوڕییەک دەکەن لە بەڕێوەبردنی داراییدا ئەمەش ژینگەی وەبەرهێنان لاواز دەکات و دەبێتە هۆی دابەزینی بەرهەمی ناوخۆ و پشتبەستنی عێراق تەنها بە داهاتی نەوت زیاد دەکات، هەروەها دواخستنی بودجە هەندێکجار دەبێتە هۆی داکشان، کە بەهۆی نەبونی نەختینە دروست دەبێت(العيداني، ٢٠٢٤). دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی کاریگەری نەرێنی لەسەر چالاکییەکانی کەرتی تایبەت هەیە و چالاکییەکانی کەرتی تایبەت دەوەستێنێت بەتایبەتی ئەگەر ماوەی پەسەندکردنەکە درێژەبکێشێت، ئەمەش لە کۆتاییدا لە ڕاگەیاندنی مایەپوچبون لەلایەن زۆرێک لە پرۆژەکانی کەرتی تایبەتەوە ڕەنگ دەداتەوە لە ئەنجامی جێبەجێنەکردنی ئەو ئەرکە داراییانەی کە لەسەر شانیانە، جا چ بەرامبەر بە دامەزراوە بانکییەکان بێت یان بەرامبەر بەو کەسانەی لەگەڵیاندا کاردەکەن(الجبوري، ١٩٩٦، ١٦١). لەگەڵ ئەوەشدا بودجەی گشتی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جوڵەی بازرگانی و پرۆسەی هەنارده و هاوردە و بەرهەمهێنان هەیە، کەواتە دەتوانین بڵێین بۆ ئەوەی سیستەمێکی ئابوری بەهێز و سەقامگیر لە وڵاتدا هەبێت پێویستە بودجەی گشتی لەکات و وادە دیاریکراوەکاندا ئامادەبکرێت و پەسەندبکرێت.

**٢. کاریگەری یاسایی و کارگێڕی:** پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان بودجەی گشتی و پرەنسیپی ئاسایشی یاسایی، مەبەست لە پرەنسیپی ئاسایشی یاسایی بریتیە لە پابەندبونی دەسەڵاتە گشتیەکانی دەوڵەت لە هێنانەدی سەقامگیری لە پەیوەندییە یاساییەکان و بڵاوکردنەوەی ئاسایش و فەراهەمکردنی دڵنیایی لە ئەنجامی ئەو کارانەی دەوڵەت ئەنجامیان دەدات(العكيلي ، ٢٠١٩، ٧).

ئاسایشی یاسایی بەرژەوندییەکە کە یاسا بۆ کەسەکانی دابین کردوە و دەوڵەت دەبێت گرەنتی هەمو ئامرازە پێویستەکانی فەراهەمکردنی ئاسایشی یاسایی بکات، یەکێک لە ئامرازەکانی فەراهەمکردنی ئاسایشی یاسایی پەسەندکردنی بودجەی گشتییە لە کات و وادەی دیاریکراودا بەهۆی ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییە گەورە و زۆرەی هەیەتی و نوێنەرایەتی فەلسەفە و ڕێباز و پلانی دەوڵەت دەکا بۆ دارشتنی ئامانجە سیاسی و ئابوری و دارایی و کۆمەڵایەتییەکان، ئامانجی ئاسایشی یاسایی پاراستنی تاکەکان و متمانەی نێوانیانە، هەروەها پاراستن و فەراهەمکردنی سەقامگیری ئابوری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و بوارەکانی دیکە و پاراستنی سیستەمی گشتی و گەیشتن بە ئارامی و ئاسایش و هێنانەدی بەرژەوەندی گشتییە، کەواتە دەتوانین بڵێن هەر دواکەوتنێک لە پەسەندکردنی بودجەی گشتی دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ئاسایشی یاسایی و کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئامانجەکانی ئاسایشی یاسایی(العكيلي، ٢٠٢٠، ٨٥-٨٧). بودجەی گشتی نابێتە هۆی دروستکردن یان دەستکاریکردنی ئەو پێگە یاساییانەی کە بۆ کەسەکان دروست بون جا ئەو کەسانە قەرزیان لای دەوڵەت بێت یان فەرمانبەری دەوڵەت بن، هەروەها هیچ پەیوەندییەک لە نێوان بودجە و ڕەوایەتی کردەوە کارگێڕییەکاندا نییە و نەبونی تەرخانکردنی دارایی نابێتە هۆی پوچەڵبونەوەی ڕێکار و کردە کارگێڕی و یاساییەکان، ئەگەر مەرجەکانی ڕەوایی خۆی لەڕوی ڕەواییەوە جێبەجێ بکات، بەڵکو بودجە ڕێگا بە بەدیهێنانی ئەو هەڵوێستە یاساییانە دەدات کە لە دەرەوەی خۆی سەرهەڵدەدەن(مهنا، ١٩٥٧ ، ٧١).

زۆرجار ئەنجامدانی کارێکی یاسایی و بەدیهێنانی کاریگەرییە یاساییەکان دەرئەنجامی دەرکردنی بڕیارێکی کارگێڕییە. بڕیاری کارگێڕی بریتیە لە کردەوەیەکی یاسایی کە لەلایەن دەسەڵاتێکی کارگێڕییەوە دەردەچێت بە تاک لایەنانە بە ئامانجی هێنانەدی گۆڕانکاری لە پێگەی یاساییدا بە دامەزراندنی پێگەیەکی یاسایی نوێ یان هەموارکردنەوەیی یان هەڵوەشاندنەوەی پێگەیەکی یاسایی(الجبوري، ١٩٩٦، ١٥٠)، ئەگەر بڕیاری کارگێڕی بە شێوەی کۆتایی دەرکرا و پێویستی بە تەرخانکردنی دارایی هەبو ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت تا دەسەڵاتی یاسادانان ڕەزامەندی لەسەر تەرخانکردنی پارەی

پێویست نەدات. دەکرێت دەسەڵاتی کارگێڕی لەڕێگای ئەنجامدانی گرێبەستە کارگێڕییەکان کار و ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات. مەبەست لە گرێبەستی کارگێڕی ئەو گرێبەستەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕییەوە ئەنجامدەدرێن بە ئامانجی هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی، هەروەها گرێبەستی کارگێڕی کۆمەڵێک مەرج لە خۆدەگرێت کە لە گرێبەستی نێوان تاکەکاندا باو نین و لە کاتی دروستبونی ناکۆکی دادگای کارگێڕی کارامەیە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان(القيسي، ٢٠٠٧، ١٢٠).

یەکێک لە پێویستیەکانی گرێبەستی کارگێڕی بونی تەرخانکراوی داراییە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی کارگێڕی بتوانێت ئەرکە داراییەکانی خۆی جێبەجێ بکات بۆ دڵنیاکردنەوەی بەڵێندەر و گەرەنتیکردنی مافەکانی لە بەرامبەر ئەو ئەرکانەی کە ئەنجامی دەدات، کەواتە دەتوانین بڵێین کە پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان بودجە و دەسەڵاتی کارگێڕیدا هەیە، بەجۆرێک زۆربەی ئەو کار و گرێبەستە کارگێڕییانەی دەسەڵاتی کارگێڕی ئەنجامیان دەدات گۆشەیەکی دارایی لەخۆدەگرێت یان بارگرانییەکی دارایی زیادە دەخاتە سەر بودجەی دەوڵەت.

بێگومان دەسەڵاتی کارگێڕی ناتوانێت بەبێ پەسەندکردنی پێشوەختەی خەرجییەکان و پەسەندکردنی بودجەی گشتی گرێبەستە کارگێڕییەکان بخاتە بواری جێبەجێکردن و بڕیاری خەرجکردنی پارە بدات. سەرئەنجام دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی دەوڵەت کاریگەری دەبێت لەسەر جێبەجێکردنی ئەو کارە کارگێڕییانەی کە لەلایەن دەسەڵاتی کارگێڕییەوە ئەنجام دەدرێن بەجۆرێک دەسەڵاتی کارگێڕی هەندێک گرێبەستی حکومی ئەنجامداوە، بەڵام لە ئەنجامی پەسەندنەکردنی بودجەی گشتی و نەبونی تەرخانکردنی دارایی دەسەڵاتی کارگێڕی بێتوانا دەبێت لە جێبەجێکردنی پابەندییەکانی گرێبەستەکە و گرێبەستەکە لەلایەن گرێبەستکارەوە جێبەجێ ناکرێت، هەربۆیە دواکەوتنی پەسەندکردنی یاسای بودجەی گشتی کاریگەری لەسەر جێبەجێکردنی کارە کارگێڕییەکان دەبێت.

**٣. کاریگەریی سیاسی:** بودجەی گشتی چەندین گرنگی هەیە لە ڕوی سیاسیەوە پاڵپشتە بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و لە ڕێگەی بودجەی گشتییەوە پەرلەمان چاودێرییەکی کارا و کاریگەر و بەردەوام دەخاتە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەروەها پەیڕەوکردنی بنەمای ساڵانەش چەندین پاساو و گرنگی سیاسی هەیە. پاساوی سیاسی پەیڕەوکردنی بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی ئەوەیە ماوەی ساڵێک بە باشترین ماوە دادەندرێت بۆ ئەوەی پەرلەمان چاودێریەکی کارا و کاریگەر لەسەر حکومەت بکات، بەڵام دواکەوتن و نەبوی بودجەی گشتی و پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە بێگومان لە گرنگی بودجەی گشتی و بنەمای ساڵانە کەمدەکاتەوە و زیان بە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەگەیەنێت و پەرلەمان ناتوانێت چاودێری حکومەت بکات و ناتوانێت ڕێگری لە گەندەڵی دارایی و کارگێڕی بکات و ڕوبەڕوی بەفیرۆدان و شاردنەوەی سامانی گشتی ببێتەوە.

دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە دەبێتە هۆی دروستبونی گرژی لە نێوان لایەنە سیاسییەکان و فراکسیۆنەکان و دروستبونی دوبەرەکی لەناو پەرلەماندا، هەندێک لایەن حکومەت بە بێتوانا لە بەڕێوەبردنی سەرچاوە داراییەکان یان بە گەندەڵی تۆمەتبار دەکەن ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر متمانەی گشتی بە حکومەت دەبێت و ناسەقامگیری سیاسی زیاتر دەکات و کاریگەری لەسەر سەقامگیری وڵات دەبێت، کاتێک حکومەت نەیتوانی بودجە لە کاتی خۆیدا پەسەندبکات هاووڵاتیان متمانەیان بە توانای بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات نامێنێت و دەبێتە هۆی دروستبونی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و ئۆپۆزسیۆنیش فشاری گشتی زیاد دەکات(العيداني، ٢٠٢٤).

دواخستنی پەسەندکردنی بودجە دەتوانێت کاریگەری لەسەر پابەندبونە دەرەکییەکانی عێراق هەبێت، وەک ڕێککەوتنە ئابورییەکان و وەبەرهێنانی هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی دیکە، هەروەها زیان بە پێگەی نێودەوڵەتیی دەگەیەنێت

و لاوازی دەکات لە بەرامبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە هەوڵی وەبەرهێنان لە عێراق دەدەن. دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە تەنها شکستی دارایی نییە، بەڵکو هۆکارێکە کە دەتوانێت گرژییە سیاسییەکان زیاتر بکات(العیداني، ٢٠٢٤). هەربۆیە دەتوانین بڵێین بودجەی گشتی ئامرازێکی گرنگە بۆ هێنانەدی سەقامگیری سیاسی.

**٤. کاریگەری لەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەت و فەرمانبەران:** دواکەوتن یان نەبون بودجەی گشتی و پابەندنەبون بە بنەمای ساڵانە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەدای کارکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و فەرمانبەران دەبێت. هەروەک ڕون و ئاشکرایە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی لەلایەن دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە پێویستی بە بونی نەختینە و هەبونی بڕە پارەی پێویست هەیە، بەڵام کاتێک پەسەندکردنی بودجەی گشتی دواکەوت دەبێتە هۆی ئەوەی بڕە پارەی پێویست نەگاتە دامەزراوەکانی دەوڵەت ئەوانیش ناتوانن خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن، سەرئەنجام دەبێتە هۆی لاوازی ئەدای دامەزراوە گشتییەکان و ڕێگری لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان. سەرەڕای ئەوەی زۆربەی دەوڵەتان کار بە بودجەی کاتی دەکەن وەک ڕێگای چارەسەری بۆ دواکەوتنی بودجەی گشتی، بەڵام بودجەی کاتی ناتوانێت شوێنی بودجەی گشتی بگرێتەوە، چونکە دەزگا و دامەزراوە گشتییەکان کە بەرپرسیارن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان توانای دابینکردنی هەمو خزمەتگوزارییە پێویستەکانیان نییە بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتیان لە سنورێکی دیاریکراوی خەرجکردندایە و ناتوانن ئەو سنورە تێپەڕێنن(علي، ٢٠٢١، ٤٠١).

کەواتە دەتوانین بڵێن دواکەوتنی بودجە و پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە دەبێتە هۆی پەکخستنی کاری دامودەزگاکانی حکومەت و وەزارەتەکانی دەوڵەت و سەرلێشێواوی لە ئەنجامدانی کارەکانیان. دواکەوتنی بودجە کاریگەری تەواوی لەسەر فەرمانبەران هەیە، فەرمانبەر گرنگترین ئامرازە بەدەست کارگێڕی گشتییەوە بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکییەکانی و لە بەرامبەر ئەرکەکانی موچەیەکی دیاریکراو لە بودجەی گشتی دەوڵەت وەردەگرێت و هەر کەموکوڕیەک و دواکەوتنێک لە بودجەی گشتی هەبێت کاریگەری نەرێنی لەسەر فەرمانبەران دەبێت. ڕاستە دواکەوتنی و نەبونی بودجە یان پابەندنەبون بە بنەمای ساڵانەی کاریگەری لەسەر موچە و دەرماڵەکانی فەرمانبەر نییە، بەڵام کاریگەری لەسەر ئەو هاندان و پاداشتانە دەبێت کە دەدرێت بە فەرمانبەر لەبەرامبەر ئەنجامدانی کاری جیاواز و قورس و بابەتی.

ئەم جۆرە هاندانانە زیاتر هانی فەرمانبەران دەدات لە ئەنجامدانی کارەکانیان و دەبێتە هۆی بەرەوپێش چونی زیاتری ئەدای کارکردنی دامەزراوەکان، بەڵام لە ئەگەری دواکەوتن یان نەبونی بودجە و پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە ئەوا ڕاستەوخۆ هاندانە داراییەکان دوادەکەون یاخود بونیان نامێنێت و دەبێتە هۆی لاوازی ئەدای کارکردنی فەرمانبەران(علي ، ٢٠٢١، ٤٠٣). دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە کاریگەری لەسەر فەرمانبەرە نوێیەکان و ئەو کەسانەی کە دەوڵەت گرێبەستی لەگەڵ ئەنجامداون هەیە، بەو پێیەی تا پەسەندکردنی بودجە موچەیان پێنادرێت(محمد، ٢٠٢٤، ٢٦٨).

**٥. کاریگەری لەسەر بنەما گشتییەکانی دیکەی بودجەی گشتی:**کۆمەڵێک بنەمای گشتی قۆناغەکانی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی ڕێکدەخەن، ئەم بنەما گشتییانە لە دەستور و یاسا ناوخۆییەکان دەقیان لەسەر هاتوە جەخت لە پەیڕەوکردنیان دەکرێتەوە و هەر یەکێک لەم بنەمایانە کۆمەڵێک لایەنی باش و پاساوی پەیڕەوکردنی هەیە و پابەندنەبون پێیانەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئامانج و گرنگی بودجەی گشتی دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە پەیڕەونەکردنی بنەمایەک کاریگەری لەسەر بون و ڕۆڵی بنەمایەکی دیکەی بودجەی گشتی هەبێت، بۆنمونە نەبون یان دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی پەیڕەونەکردنی بنەمای یەکگرتوی و بنەمای گشتگیری و نەمانی هەمو ئەو سود و کاریگەریانەی کە لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی ئەم دو بنەمایە دێنە ئاراوە(آل زیارة، ٢٠٢٤، ٢٨).

٦. **پەنابردن بۆ هەڵاوێردەکانی بنەمای ساڵانە:** دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی لە عێراق فیدراڵ بۆتە نەریتێک بەجۆرێک زۆربەی ساڵەکان پرۆژە یاسای بودجەی گشتی دوای دەستپێکردنی ساڵی دارایی پەسەندکراوە و تەنانەت هەندێک ساڵ یاسای بودجەی گشتی لە عێراق نەبوە، بەهۆی ئەو هۆکارانەی پێشتر باسمانکردن. یاسادانەر چارەسەری بۆ کێشەی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی داناوە لە ڕێگای بەکارهێنانی بودجەی مانگانە و خەرجکرن لە سنوری(١٢/١)ی خەرجی ساڵی ڕابردو پشتبەستن بە مادەی(١٣) لە یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی بەرکار. بەهۆی دواکەوتنی بەردەوامی پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی، عێراق بەناچاری پەیرەوی بودجەی مانگانەی کردوە تا پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی. بودجەی مانگانە ئامرازێکە بۆ خۆلادان لە زیان و کاریگەرییەکانی دواکەوتنی بودجەی گشتی، بەڵام بودجەی مانگانە چەندین لایەنی نەرێنی هەیە لە ڕوی سیاسی و کارگێری و ئابوری و دارایی کە پێشتر ئاماژەمان پێداون. بۆ یەکەمین جار یاسادانەر هەوڵیدا کێشەی دواکەوتن و پەسەندنەکردنی بودجەی گشتی تێپەڕێنێت لە ڕێگای پەنابردن بۆ بودجەی ماوە مامناوەند(بودجەی سێ ساڵی) بەدیاریکراوی لە یاسای ژمارە(١٣)ی ساڵی(٢٠٢٣) بودجەی گشتی فیدراڵی عێراق بۆ ساڵەکانی(٢٠٢٣-٢٠٢٤-٢٠٢٥) بە پشت بەستن بە ماددەی(٤/دوەم) لە یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی بەرکار.

ڕاستە بونی بودجەی سێ ساڵی لە عێراق دەبێتە هۆی ئەوەی کە عێراق دوربکەوێتەوە لە کاریگەری و زیانەکانی دواکەوتن و نەبونی بودجەی گشتی و لایەنە خراپەکانی بودجەی مانگانە و چارەسەری چەندین کێشەی دیکە دەکات کە بەرۆکی عێراق گرتبو لەماوەی ڕابردودا، بەڵام هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بودجەی ماوە مامناوەند بۆ دەوڵەتێکی وەک عێراق گونجاو نییە بەهۆی ئەوەی عێراق دەوڵەتێکی ناسەقامگیرە لەڕوی سیاسی و ئاسایش و ئابوریەوەن، بودجەی ماوە ماناوەند بۆ دەوڵەتێک لەبار و گونجاوە کە دەوڵەتەکە لە هەمو ڕویەکەوە سەقامگیربێت، هەروەها بودجەی سێ ساڵی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەسەڵاتی یاسادانان لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لەگەڵ ئەوەشدا بودجەی سێ ساڵی لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانی بودجەی گشتی ناگونجێت و لە گرنگی بودجەی گشتی کەمدەکاتەوە و دژی پاساوە سیاسی و دارایی و ئابوری و هونەرییەکانی بنەمای ساڵانەیە.

کەواتا دەتوانین بڵێین پەیڕەوکردنی بودجەی مانگانە و بودجەی ماوە مامناوەند چەندین کاریگەری نەرێنیان لەسەر سەرجەم بوارەکان هەیە، هەربۆیە جەخت لە سەر پەیڕەوکردنی بنەمای ساڵانە و پابەندبون بە وادە دیاریکراوەکانی قۆناغی ئامادەکردن و پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی دەکەینەوە.

٧. **کاریگەری لەسەر هاووڵاتیان:** هەروەک ڕون و ئاشکرایە بودجەی گشتی گرنگی و کاریگەری زۆری هەیە لەسەر هاووڵاتیان، چونکە بودجەی گشتی ئەو بەرنامە کۆمەڵایەتی و ئابورییە لەخۆدەگرێت کە حکومەت بەنیازە لە ماوەی ساڵی دارایی داهاتودا جێبەجێی بکات، هەروەها بودجە یارمەتیدەرە لە دابەشکردنی داهات و سامان بەسەر هاووڵاتیاندا(عصفور، ٢٠٠٨، ١٩). پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە و دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە کاریگەری خراپی لەسەر هاووڵاتیان هەیە بەتایبەت ئەو کەسانەی کە داهاتیان سنوردارە لە ئەنجامی بەرزبونەوەی نرخی کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان، هەروەها پەسەندکردنی بودجەی گشتی لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لە بەرزبونەوەی نرخی کەلوپەل و پاراستنی بەهای دراوی نیشتیمانی لەبەرامبەر دراوە بیانییەکان بە تایبەت دۆلاری ئەمریکی، بەهۆی ئەوەی زۆر جار لە بودجەدا بەهایەکی جێگیر بۆ بەهای دراوی نیشتیمانی بەرامبەر بە دراوی بیانی دادەندرێت، سەبارەت بە عێراق زۆرجار لە یاسای بودجەدا بەهای دینار بەرامبەر دۆلار دیاریکراوە هۆکاری سەرەکی ئەمەش بەهۆی ئەوەیە داهاتی سەرەکی عێراق نەوتە و نەوتیش بە دۆلار مامەڵەی پێوەدەکرێت(محمد، ٢٠٠٤، ٢٦٨). پەسەندنەکردنی

بودجەی گشتی لەوادەی دیارکراودا و نەبونی بودجەی گشتی دەبێتە هۆی ڕاگرتنی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری و پرۆژەکانی وەبەرهێنان و کەم بونی بەرهەمهێنان و چەندین کێشەی دیکە ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بونی نایەکسانی لە نێوان ژیانی دەوڵەمەند و هەژاران و دابەزینی ئاستی ژیانی هاووڵاتیان.

**٨. کاریگەری کۆمەڵایەتی:** بودجەی گشتی و بنەمای ساڵانە چەندین ئامانج و گرنگیان هەیە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە بەجۆرێک بودجەی گشتی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پرسی نەهێشتن و کەمکردنەوەی بێکاری و هەژاری و جیاوازی چینایەتی و چارەسەری چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی دیکە هەیە، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ هێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و خوشگوزەرانی گشتی(علي و كداوي، ١٩٨٩، ٢٧٧)، بەڵام ئەگەر بێت و بودجەی گشتی لە وڵاتدا نەبێت یان دوابکەوێت و پەیڕەوی بنەمای ساڵانە نەکرێت بێگومان بودجەی گشتی ناتوانێت ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی بپێکێت. کەواتە دەتوانین بڵێین نەبون یان دواکەوتنی بودجەی گشتی کاریگەری تەواوی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی تاک و کۆمەڵگا دەبێت، چونکە بودجە باشترین و کاریگەرترین ئامرازە کە بەدەست دەوڵەتەوەیە بۆ چارەسەرکردنی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی وەک کێشەکانی هەژاری و جیاوازی چینایەتی و بێکاری و چەندین کێشەی دیکە، هەروەها بودجەی گشتی کاردەکات بۆ هێنانەدی کۆمەڵێک ئامانج وەک هێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی و بەرزکردنەوەی ژیانی تاک و کۆمەڵگە و چەندین ئامانجی دیکە(التميمي، ٢٠١٩، ١٥-١٦).

بە بۆچونی توێژەران کاتێک بودجەی گشتی دەتوانێت ئەو ئامانجە کۆمەڵایەتییانە بهێنێتەدی ئەگەر دەوڵەت پابەندبێت بە بنەمای ساڵانە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام و خولی، بەڵام لە ئەگەری پابەندنەبون بە بنەمای ساڵانە و دواکەوتن یان نەبونی بودجەی گشتی لەهەندێک ساڵدا ئەوا دەوڵەت ناتوانێت ڕوبەڕوی تەواوی کێشە کۆمەڵایەتییەکان ببێتەوە و بەردەوام کێشە کۆمەڵایەتییەکان زیاد دەکەن و ڕێژەیان بەرزدەبێتەوە و لەبەرامبەریشدا ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان نایەنەدی.

بێگومان دواکەتنی و نەبونی بودجەی گشتی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خەڵکی و چینی هەژار و مامناوەند و داهات سنوردار دەبێت. بێکاری و هەژاری یەکێکن لە کێشە هەرە دیارەکانی دەوڵەتی عێراق، هۆکارەکانی پشت زیادبونی ڕێژەی بێکاری لە عێراق لە ماوەی دو دەیەی ڕابردودا زۆرن، یەکێک لەو هۆکارانە پەیڕەنەکردنی بنەمای ساڵانەیە کەبۆتە هۆی دواکەوتن یان نەبونی بودجەی گشتی. کێشەیەکی دیکەی بەردەم عێراق کە هیچی کەمتر نییە لە کێشەی بێکاری و زۆرێک لە عێراقییەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن ئەویش کێشەی هەژارییە(آل زيارة، ٢٠٢٤، ٢٩-٣٠).

ئەم خشتەی خوارەوە ڕێژەی بێکاری و هەژاری دانیشتوانی عێراق لە نێوان ساڵانی(٢٠٠٣-٢٠٢٤) دەخاتەڕو، ئەم خشتەیە لەلایەن توێژەرانەوە دروستکراوە لە میانەی ئەنجامدانی توێژینەوەکە بەپشت بەستن بەو ڕاپۆرت و ئامار و زانیاریانەی کە دەزگای ناوەندی و تەکنەلۆژیای زانیاریی وەزارەتی پلاندانانی عێراق و بانکی نێودەوڵەتی کە ساڵانە بڵاویان دەکەنەوە.

| ڕێژەی هەژاری و بێکاری دانیشتوانی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ لە نێوان ساڵانی(٢٠٢٤-٢٠٠٣) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ | ڕێژەی هەژاری % | ڕێژەی بێکاری % | ساڵ | ڕێژەی هەژاری | ڕێژەی بێکاری |
| ٢٠٠٣ | ٣٦ | ٢٨,١ | ٢٠١٤ | ١٩,٢٨ | ١٠,٦ |
| ٢٠٠٤ | ٣٥ | ٢٦,٨ | ٢٠١٥ | ١٩,٤٧ | ١٠,٧ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٥ | ٣٠,٣٨ | ١٧,٩ | ٢٠١٦ | ١٩,٦٦ | ١٠,٨ |
| ٢٠٠٦ | ٢٦,٣٨ | ١٧,٥ | ٢٠١٧ | ٢٠,٠٥ | ١٣,٨ |
| ٢٠٠٧ | ٢٢,٩ | ١١,٧ | ٢٠١٨ | ٢٠,٠٥ | ١٢,٩ |
| ٢٠٠٨ | ٢٢,٠٤ | ١٥,٣ | ٢٠١٩ | ١٩,٢٦ | ١٢,٨ |
| ٢٠٠٩ | ٢١,٢١ | ١٤ | ٢٠٢٠ | ٣١,٧ | ١٣,٧ |
| ٢٠١٠ | ٢٠,٤١ | ١٢ | ٢٠٢١ | ٢٤,٨ | ١٦,٥ |
| ٢٠١١ | ١٩,٦٤ | ٨,٣ | ٢٠٢٢ | ٢٥ | ١٤,٦ |
| ٢٠١٢ | ١٨,٩ | ١١,٩ | ٢٠٢٣ | ٢٥ | ١٥,٥ |
| ٢٠١٣ | ١٩,١ | ١٣,٧ | ٢٠٢٤ | ١٦ | ١٧,٦ |

## کۆتایی

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشـــتین بە کۆمەڵێک ئەنجام لەســـەر بنەمای ئەنجامەکانیش کۆمەڵێک ڕاســـپاردە پێشەکەش دەکەین:

**ئەنجامەکان:**

١. بنەمای ســـاڵانە یەکێکە لە بنەما گشـــتییەکانی بودجەی گشـــتی و بە بنەمایەکی ڕواڵەتی دادەندرێت، ناوەڕۆکی ئەم بنەمایە ئەوەیە کە حکومەت بودجە بۆ یەک ساڵ ئامادە دەکات و پەرلەمانیش بۆ ماوەی ساڵێک پەسەندی دەکات، هەروەها ژمارە خەملێنراوەکانی ناو بەڵگەنامەی بودجە گشـــتی لە ماوەی ئەو ســـاڵە دیاریکراوەدا جێبەجێ دەکرێن. دەوڵەتی عێراق هەر لەســـەرەتای دامەزراندنیەوە بنەمای ســـاڵانەی بەهەند وەرگرتوە و پەیڕەویکردوە و چەندین دەق دەستوری و یاسایی لەبارەیەوە هاتوە.

٢. کۆمەڵێک پاساو بونەتە هۆکاری پەیڕەوکردنی بنەمای ساڵانە، گرنگترین پاساوەکانیش بریتین لە پاساوی سیاسی، پاساوی ئابوری و دارایی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بنەماکە پاڵپشتە بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ئەنجامدانی چاودێریەکی کارا و کاریگەر، لەگەڵ ئەوەشدا بودجەی گشتی لە سەر بنەمای پێشبینیکردن و خەملاندنی داهات و خەرجییەکانی دەوڵەت بۆ ماوەیەکی کاتی ئامادەکرێت، گونجاوترین ماوەش بۆ ئەوکارە یەک ساڵە.

٣. دەســـتپێکردن و کۆتایی هاتنی ســـاڵی دارایی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکیتر جیاوازە، بەڵام جیاوازی لە کاتی دەست پێکردن و کۆتایی هاتنی ساڵی دارایی لە ناوەڕۆک و گرنگی بنەمای ساڵانە کەم ناکاتەوە، لە ئێستادا لە عێراق ساڵی دارایی لە(١/١) زایینی دەســـتپێدەکات و لە (١٢/٣١) زاینکۆتایی دێت. ســـەبارەت بە کۆتایی هاتنی ســـاڵی دارایی بەشـــێوەیەکی گشتی دو ڕێگا هەیە بۆ کۆتایی هێنان بە ساڵی دارایی و هەژمارکردنی خەرجی و داهاتەکان و ئامادەکردنی هەژماری کۆتایی، ڕێگای یەکەم بریتیە لە(ڕێگای بنەمای کاش) بەپێی ئەم ڕێگایە پێویستە لەکۆتا ڕۆژی ساڵی داراییدا هەژماری ساڵی دارایی دابخرێت، هەرچی ڕێگای دوەمیشـــە بریتیە لە(ڕێگای بنەمای یەکلاکردنەوە) بەپێی ئەم ڕێگایە هەژماری کۆتایی ســـاڵی دارایی لە کۆتا ڕۆژی ســـاڵی داراییدا داناخرێت، بەڵکو لە کاتی جێبەجێکردنی ســـەرجەم داهات و خەرجییەکانی ناو بودجەی گشتی دادەخرێت، لە ئێستادا عێراق ڕێگای یەکەم پەیڕەو دەکات.

٤. بنەمای ساڵانە کۆمەڵێک هەڵاوێرد و ڕیزپەڕی هەیە، بەشـێک لەم هەڵاوێردانە بۆ ماوەی زیاتر لەساڵێکن کە بریتین لە(بودجەی بەرنامە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان، بودجە بۆماوەی دو ســـاڵ یان زیاتر یاخود بودجەی ماوە مامناوەند)، کە ئامادەدەکرێن بەئامانجی هێنانەدی کۆمەڵێک ئامانجی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕوبەڕوبونەوەی کۆمەڵێک بارودۆخی

ئابوری سیاسی. لە ڕوی کرداریشەوە تا ئێستا عێراقی فیدراڵ هیچ بودجەیەکی بەرنامە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی نەبوە، بەڵام یەکجار بودجەی سێ ساڵی و بودجەی ماوە مامناوەندی هەبوە بەدیاریکراوی بۆ ساڵەکانی(٢٠٢٣-٢٠٢٤-٢٠٢٥). بەشێکی دیکە لەم هەڵاوێردانە بۆ ماوەی کەمتر لەساڵێکن کە بریتین لە(تەرخانکردنی زیادە، بودجەی مانگانە)، ئەوەی یەکەمیان لەو کاتانەدا دادەندرێت کە نەتواندراوە بەشێوەیەکی دروست خەملاندن بۆ خەرجییەکان بکرێت یان خەرجییەک سەریهەڵداوە کە لە بودجەدا هیچ بڕێکی بۆ تەرخاننەکراوە، لە ڕوی کرداریشەوە یەکەم بودجەی تەواوکاری لە عێراقی فیدراڵ بودجەی تەواوکاری فیدراڵی ژمارە(٣٤)ی ساڵی(٢٠٠٨) بو. هەرچی بودجەی مانگانەشە لەوکاتەندا پەنای بۆ دەبردرێت کە ساڵی دارایی دەستی پێکردوە و بودجەی گشتیش پەسەندنەکراوە، بۆیە تاپەسەندکردنی بوجە کار بە بودجەی مانگانە دەکرێت، لە ڕوی کردارییەوە هەرکاتێک لە عێراق پەسەندکردنی بودجە دواکەوتبێت پەنا بۆ بودجەی مانگانە برداروە.

**٥.** کۆمەڵێک هۆکار هەن کە دەبنە هۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی و نەبونی بودجەی گشتی لە وڵاتدا، سەرئەنجام دەبێتە هۆی پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە، بەشێک لەم هۆکارانە بەهۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوەیەوە و بەشەکەی دیکەیان بەهۆی دەسەڵاتی یاسادانانە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەم دو دەسەڵاتە پابەندنابن بە ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی لەوکات و وادە دیاریکراوانەدا کە بۆ ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی دیاریکراون، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک هۆکاری دیکە هەن کە کاریگەریان هەیە لەسەر دواکەوتنی بودجە و پەیوەندیدارنین بەم دو دەسەڵاتە. (لێسەندنەوەی متمانە و دەست لەکارکێشانەوە و هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان) یەکێکن لە هۆکارەکانی دواکەوتنی بودجە، لە ڕوی کردارییەوە لە دوای ساڵی(٢٠٠٣) چەند وەزیرێک متمانەیان لێسەندراوەتەوە، بەڵام یەکجار وەزیری دارایی متمانەی لێسەندراوەتەوە و یەکجار سەرۆک وەزیران دەستی لەکارکێشاوەتەوە، هەرچەندە تا ئێستا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵنەوەشێندراوەتەوە، بەڵام دەکرێت لە داهاتودا هەڵبوەشندرێتەوە و ببێتە هۆکارێک بۆ دواکەوتنی بودجەی گشتی.

**٦.** نەبونی پێوەرێکی جێگیر و متمانەپێکراو کە پشتی پێببەسترێت بۆ دابەشکردنی تەرخانکردنی دارایی لە نێوان هەرێم و پارێزگاکان و کێشەی خەملاندنی خەرجی و داهاتە گشتیەکان و کەم ئەزمونی فەرمانبەرانی حکومەت و لاوازی دامەزراوە کارگێڕییەکان و سروشتی سیستەمی سیاسی دەوڵەت و ململانێی سیاسی و نەبونی هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، کۆتایی هاتنی وەرزی یاسادانان یان خولی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نوێ و درەنگ پێکهێنانی حکومەت و کەموکوڕی یاسایی و دەستوری و لاوازی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانی و ڕاگەیاندن و دەستێوەردانی دەرەکی،هەمو ئەوانەی پێشو هۆکار گەلێکن بۆ دواکەوتنی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی فیدراڵی کۆماری عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ناڕەزایەتی دەربڕینی سەرۆکی دەوڵەت لەسەر پرۆژە یاسای پەسەندکراو ببێتە هۆکار بۆ دواکەوتنی بودجە و لە ڕوی کرداریشەوە یاسای بودجەی ساڵی(٢٠١٨) ڕەتکرایەوە، هەروەها زۆرجار هۆکاری ئابوری دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجە بۆ نمونە لە ساڵی(٢٠٠٩) حکومەت دو جار پرۆژە یاسای بودجە لە پەرلەمان کشاندەوە، یاخود دەکرێت دروستبونی بارودۆخی لەناکاو ببێتە هۆی دواکەوتنی بودجە لە دوایی ساڵی(٢٠٠٣) عێراق ڕوبەڕوی چەندین بارودۆخی نەخوازراو بۆتەوە بە نمونە هاتنی گروپی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە ساڵی(٢٠١٤) و خۆپیشاندانی تشرینییەکان لە ساڵی(٢٠١٩) و بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ساڵی (٢٠٢٠).

**٧.** کۆمەڵێک هۆکاری دیکە هەن کە دەبنە هۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجەی گشتی و پەیوەندیدارن بە پەرلەمانەوە گرنگترین ئەو هۆکارانەش بریتین لە (لاوازی پەرلەمان، تەواونەبونی ڕێژەی یاسایی بۆ دانیشتنی پەرلەمان و ئامادەنەبونی ئەندامانی پەرلەمان، ڕەتکردنەوەی پڕۆژە یاسای بودجەی گشتی یاخود گەڕاندنەوەی پڕۆژە یاسای بودجە بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، گفتوگۆکردن لەسەر پرسی پڕۆژە یاسای گشتی لە پێشینەی کارەکان نییە، نەبونی لیژنە و فەرمانگەیەکی تایبەت بە کاروباری بودجەی گشتی لە ناو ئەنجومەنی نوێنەران). یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دواکەوتنی بودجەی گشتی لە عێراقی فیدراڵ نەبونی هەژماری کۆتاییە، چونکە هەژماری کۆتایی ئاسانکاری و بەرچاوڕونییە بۆ حکومەت و پەرلەمان، هەروەها ئامرازێکی یارمەتیدەرە بۆ ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی لە وادەی دیاریکراودا و پەیڕەوکردنی بنەمای ساڵانە، بەڵام لە ئێستادا گرنگی بەئامادەکردنی نادرێت و پشتگوێخراوە بەجۆرێک لەساڵی(٢٠٠٣) وە عێراق تەنها(٧)ساڵ هەژماری کۆتایی هەبوە و ئەوانیش بە بڕیاری پەرلەمانی پەسەندکراون نەک بە یاسا.

**٨.** دواکەوتن یان نەبونی بودجەی گشتی و پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە کۆمەڵێک کاریگەری و دەرئەنجامی نەرێنی لەسەر بارودۆخی دارایی و ئابوری دەوڵەت دەبێت بەجۆرێک کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خەرجییەکان دەبێت بەتایبەت خەرجییەکانی وەبەرهێنان، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هۆی وەستاندنی و پڕۆژە خزمەتگوزاری و پیشەسازی و کشتوکاڵییەکان، هەروەها دەبێتە هۆی لاوازبونی چالاکی و پرۆسە و سوڕی وەبەرهێنان و تەنانەت پەککەستنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و لاوازبونی جوڵەی بازرگانی و پرۆسەی هەنارده و هاورده و بەرهەمهێنان، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هۆی وەستاندنی گەشەی ئابوری و دابەزینی بەهای دراوی نیشتیمانی و بەرزبونەوەی نرخەکان لە بازاڕدا و زیانگەیاندن بە بەڵێندەران. لە هەمانکاتدا لەڕوی یاسایی وکارگێڕییەوە کاریگەری و دەرەنجامی نەرێنی هەیە، بەجۆرێک زیان بە پرەنسیپی ئاسایشی یاسایی دەگەیەنێت، هەروەها دەبێتە هۆی وەستاندنی ئەو بڕیار و گرێبەستە کارگێڕی و حکومیانەی کە پێویستیان بە تەرخانکردنی دارایی هەیە، هەروەها لەڕوی سیاسیشەوە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پێگەی نێودەوڵەتی دەوڵەت و نەمانی متمانەی گشتی بە دەسەڵات و دروستبونی گرژی سیاسی، لەگەڵ ئەوەشدا گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتی زیاددەکات بەهۆی نەبونی چاودێرییەکی کارا و کاریگەر.

**٩.** دواکەوتن یان نەبونی بودجەی گشتی و پەیڕەونەکردنی بنەمای ساڵانە کاریگەری خراپ و دەرئەنجامی نەرێنی لەسەر ئەدای کارکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و فەرمانبەران دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری لەسەر بنەما گشتییەکانی دیکەی بودجەی گشتی هەیە بەجۆرێک نەبون یان دواکەوتنی پەسەندکردنی بودجە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی پەیڕەونەکردنی بنەمای یەکگرتویی و بنەمای گشتگیری.

یەکێکی دیکە لە کاریگەرییەکانی دواکەتن و نەبونی بودجە پەنابردنە بۆ هەڵاوێردەکانی بودجەی گشتی بەتایبەت بودجەی مانگانە و بودجەی سێ ساڵی. لە هەمانکاتدا دواکەوتن یان نەبونی بودجە کاریگەری لەسەر هاووڵاتیان دەبێت و کۆمەڵێک کاریگەری کۆمەڵایەتیش لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت گرنگترین ئەو کاریگەریانەش بریتین لە(بەرزبونەوەی نرخی کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکان، دابەزینی بەهای دراوی نیشتیمانی، دروستبونی نایەکسانی و دابەزینی ئاستی ژیانی هاووڵاتیان، بەدینەهاتنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاری و زیادبونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی دیکە).

**ڕاسپاردەکان:**

١. پێشنیاری هەموارکردنەوەی ماددەی (٦٢)ی دەستوری بەرکار دەکەین بە ئاڕاستەی زیادکردنی بنەمای ساڵانەی بودجەی گشتی، هەروەها هەموارکردنەوەی ماددەی (٤/دوەم)ی یاسای بەڕێوەبردنی دارایی بەرکار دەکەین بە شێوەیەک ڕێگە بە وەزارەتی دارایی نەدات بودجەی ماوە مامناوەند و سێ ساڵی ئامادەبکات.

٢. پابەندکردنی حکومەت و پەرلەمان بە هەمو ئەوکات و وادانەی کە بۆ ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجە داندراون، هەروەها پابەندکردنیان بە پەیڕەوکردنی بنەمای ساڵانە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام بەبێ هیچ جۆرە هەڵاوێردێک لەناویاندا بودجەی ماوە مامناوەند(سێ ساڵی) و بودجەی مانگانە، چونکە بودجەی ماوە مامناوەند بۆ دەوڵەتێک گونجاوە کە لەڕوی سیستەمی ئابوریی و سیاسی و ئەمنییەوە جێگیربێت، بەڵام دەوڵەتی عێراق سیستەمێکی ناجێگیری هەیە لە ڕوی ئابوریی و سیاسی و ئەمنییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیڕەوی بودجەی مانگانەش نەکات هەر چەندە ئەم بودجەیە ئامرازێکە بۆ خۆلادان لە زیانەکانی نەبون و دواکەوتنی بودجە بەکاردێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک کاریگەری خراپی هەیە لە ڕوی سیاسی و کارگێری و ئابوری و داراییەوە، هەروەها پێویستە ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجە لەسەر بنەمای دەستوریێت و دوربێت لەهەمو ململانەیەکی سیاسی و نەتەوەیی، هەوڵی تەواو بدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە بەردەوام و هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغداد لەسەر بنەمای دەستور، لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیاری ئەوە دەکەین دابەشکردن و تەرخانکردنی داهاتەکان لەنێوان هەرێم و پارێزگاکان بەگوێرەی ئەنجامی سەرژمێری ساڵی (٢٠٢٤)ی عێراق بێت.

٣. هەموارکردنەوەی ماددەی(٦٤)ی دەستور بەجۆرێک دەقێک زیادبکرێت کە ڕێگری بکات لە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان لە کاتی گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای بودجە. دانانی پێوەرێکی جێگیر و متمانەپێکراو لەسەر بنەمای دەستور بۆ دابەشکردنی تەرخانکردنی دارایی بەسەر هەرێم و پارێزگاکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەم خەمڵاندنی داهات و خەرجییەکان و بەرزکردنەوەی توانای فەرمانبەران و دامەزراوە کارگێرییەکان لە ئەنجامدانی کاروبارەکانی تایبەت بە بودجەی گشتی.

٤. چارەسەرکردنی کێشەی تەواونەبونی ڕێژەی یاسایی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە ڕێگەی هەموارکرنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران و دانانی سزای گونجاو بۆ ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی ئامادەنەبونیان لە دانیشتنەکان، هەروەها هەموارکردنەوەی دەستور و یاسای بەڕێوەبردنی دارایی بەرکار بەشێوەیەک سزای گونجاو بۆ حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەران دابنرێن لە ئەگەری پابەندنەبون بەوادە دیاریکراوەکانی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجە بەبێ هۆکار و پاساوی لۆژیکی وەکو سزای لێسەندنەوەی متمانە لە حکومەت یان هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، هەروەها دیاریکردنی وادەیەک بۆ حکومەت بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بودجە و دانانی وادەیەک بۆ پەرلەمان بۆ پەسەندکردنی بودجە لە دەستوردا.

٥. دیاریکردنی کاتێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران لەگەڵ ڕەچاوکردنی کاتی گونجاو بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەجۆرێک کە نەبێتە هۆکار بۆ دواکەوتنی بودجە و پەلەش بکرێت لە پێکهێنانی حکومەت.

٦. پێویستە گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی لە پێشینەی کارەکانی پەرلەمان بێت و دانیشتنەکانی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای بودجە بەشێوەیەکی تایبەت و سەربەخۆ و جیا لە هەمو بابەتێکی دیکە بکرێت، لەگەڵ دروستکردنی لیژنەیەک لەژێر ناونشانی لیژنەی بودجەی گشتی لە ناو ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ڕێکخستنی

کاروباری بودجە ســـەرەڕایی بونی لیژنەی دارایی پەرلەمان و دروســـتکردنی فەرمانگەیەکی تایبەتمەند لەژێر ناونیشـــانی فەرمانگەی بودجەی گشتی لەناو ئەنجومەنی نوێنەران.

**٧.** ڕێژەی پشتبەستن بە داهاتی نەوت کەمبکرێتەوە لەڕێگەی برەودان بە داهاتە جۆراوجۆرەکانی دیکە و گرنگی تەواو بە هەژماری کۆتایی بدرێت و سالانە ئامادەبکرێت و پێشکەشی پەرلەمان بکرێت بۆ پەسەندکردن، بەڵام بەشێوەی یاسا دەربچوێندرێت نەک بڕیار.

**٨.** زیادکردنی ڕۆڵ و کاریگەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شـــارســـتانی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە چاودێریکردنی پرۆســـەی ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتیدا، هەروەها پێویستە ئامادەکردن و پەسەندکردنی بودجەی گشتی لەسەر بنەمای هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی و نیشتیمانی بێت و دووربێت لە هەمو دەستێوەردانێکی دەرەکی.

**سەرچاوەکان**


بشور، عصام، (بدون سنة نشر)، المالية العامة، مطبعة جامعة دمشق، دمشق.

الجبوري، ماهر صالح علاوي، (١٩٩٦)، مبادئ القانون الاداري، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل.

الجنابي و الدوري، طاهر موسى و مؤيد عبدالرحمان، (٢٠٠٠)، إدارة الموازنة العامة، دار زهران للنشر، عمان.

الجنابي، طاهر، (١٩٩٠)، دراسات في المالية العامة، الجامعة المستنصرية، بغداد.

حشيش، عادل احمد، (١٩٩٢)، أساسيات المالية العامة، دار نهظة العربية، بيروت.

حمدي، سمير صلاح الدين، (٢٠١٥)، المالية العامة، ط١، مكتبة زين الحقوقية والأدبية، بدون مكان نشر.

خاليد، حميد حنون، (٢٠١٠)، الأنظمة السياسية، ط٢، المكتبة القانونية، بغداد.

الدقر، رشيد، (بدون سنة نشر)، المالية العامة، بدون مكان.

شابط، يوسف، (١٩٩٦-١٩٩٧)، المالية العامة، ك٢، موازنة الدولة العامة، ط٢، الجامعة دمشق، دمشق.

شكري، فهمي محمود، (١٩٩٠)، الموازنة العامة - ماضيها وحاضرها ومستقبلها في النظرية والتطبيق، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، بيروت.

الصعيدى، عبدالله، (٢٠٠٧)، علم المالية العامة، دار النهضة العربية، القاهرة.

الطياري، يحيى محمد على، (٢٠١٩)، رقابة السلطة التشريعية على الموازنة العامة للدولة، ط١، المركز القومي الإصدارات القانونية، القاهرة.

عبدالغزيز و شفيق، محمد و على، (٢٠٠٣)، أصول وقواعد الموازنة العامة، مطابع جامعة الملك السعود، السعودية.

عبدالله، عبدالقادر محمد، (٢٠٠١)، الموازنة العامة وتطبقها في دولة قطر، دار الثقافة للنشر، قطر.

عبدالواحد، السيد عطية، (٢٠٠٠)، مبادئ واقتصاديات المالية العامة، دار النهضة العربية، قاهرة.

العربي، محمد عبدالله، (١٩٣٨) مباديء علم المالية العامة والتشريع المالي، ج٣، الميزانية الدولة، بدون دار النشر، القاهرة.

عضفور، محمد شاكر، (٢٠٠٨)، اصول الموازنة العامة، ط١، دارالمسيرة للنشر والتوزيع، عمان.

العكيلي، علي مجيد، (٢٠١٩)، مبدأ الأمن القانوني بين النص الدستوري والواقع العملي، المركز العربي للدراسات والبحوث العلمية، القاهرة.

العلي، عادل فليح، (٢٠١١)، المالية العامة والقانون المالي والضريبي، ج١، ط٢، إثراء للنشر والتوزيع، عمان.

العلي وكداوي، عادل فليح وطلال محمد، ١٩٨٩، اقتصاديات المالية العامة، دار الكتب، الموصل.

العمري، هاشم محمد صفوت، (١٩٨٦)، اقتصاديات المالية العامة و السياسة المالية، مطبعة التعليم العالي، بغداد.

عواضة، حسن، (بدون سنة نشر)، المالية العامة، منشورات دار الطليعة، بيروت.

قطيش، عبدالطيف، (٢٠٠٥)، الموازنة العامة للدولة، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت.

القيسي، محيي الدين، (٢٠٠٧)، القانون الادري العام، ط١، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت.

البياتي، منذر خليل اسماعيل، (٢٠١٨، إصلاح النظام المالي في العراق " دراسة قانونية "، رسالة الماجستير - مجلس كلية الحقوق- جامعة تكريت.

التميمي، عبدالامير شاطي عزيز جبار، (٢٠١٩)، التنظيم القانوني لإقرار الموازنة العامة للدولة (دراسة مقارنة)، رسالة ماجستير كلية القانون- الجامعة المستنصرية.

الشـــمري، نور عدنان داخل، (٢٠١٤)، مبادئ الموازنة العامة للدولة وتطبيقاتها في العراق، رســـالة ماجســـتر كلية القانون -الجامعة المستنصرية.
عبدالرضا، رواء كاطع مسعد، (٢٠١٨)، مبدأ سنوية الموازنة العامة وإشكاليات تطبيقه في العراق، رسالة ماجستر كلية القانون - جامعة بغداد.
كريم، رسل باسم، (٢٠٢٢)، دور المشرع في مراحل الموازنة العامة للدولة، أطروحة دكتوراه، كلية الحقوق . الجامعة الإسلامية.
محمد، أمين بكر، (٢٠١٣)، دور مجلس النواب العراقي في الرقابة على الموازنة العامة (دراســة مقارنة)، رسـالة ماجسـتير - كلية الحقوق والعلوم السياسية- جامعة بيروت العربية.
آل زيارة، كمال عبد حامد، (٢٠٢٤)، تحليل مراحل دورة الموازنة العامة والحســاب الختامي في العراق مع تسـليط الضــوء على مشــكلة الإخلال بالتوقيتات القانونية وتأثيراتها الاقتصادية، المجلة أهل البيت، المجلد(١٩)، العدد(١).
جاســم، ســندس،(٢٠١٦)، دراســة تحليلية لأســباب عدم اقرار الموازنة العامة في العراق للعام ٢٠١٤، مجلة المثنى للعلوم الادارية والاقتصادية، المجلد(٦)، العدد(١).
الجبوري، باقر كرجي حبيب، (٢٠١٥)، الاثار الاقتصادية لتأخير إقرار الموازنة العامة على الاقتصاد العراقي، مجلة القادسية للعلوم الإدارية والاقتصادية المجلد(١٧)، العدد(٣).
الجبوري و الأخرون، مجيد حميد جوده و رشيد حميد جوده و غازي فيصل مهدي، (٢٠٢٢)، رقابة السلطة التشريعية على تنفيذ الموازنة العامة ومدى فاعليتها، مجلة جامعة تكريت للحقوق، المجلد(٧) العدد(٢) الجزء(٢).
الدليمي، مصــطفى مهدي خضــير، (٢٠٢٤)، تأخير إقرار الموازنة وتأثرها من الناحية الاقتصــادية على المجتمع، مجلة الجامعة العراقية المجلد(٧١)، العدد(٤).
سرخان و حمزة، ســناء محمد و إكرام هادي،(٢٠٢٣)، إثار تأخير إقرار الموازنة العامة في العراق، مجلة الحقوق، كلية القانون – الجامعة المستنصرية، العدد (٤٥).
صـابر، د.معتز علي، (٢٠٢٢)، الآليات القانونية لأعداد الموازنة العامة للدولة في العراق، مجلة الشرائع للدراسـات القاتونية، المجلد(٢)، العدد(٤).
الظاهدي و العليلي، لمي علي و علي مجيد ، (٢٠١٩)، إشــكالية حل البرلمان على إقرار الموازنة العامة في دســتور العراق لعام (٢٠٠٥)، المجلة السياسية و الدولة، العدد(٤١-٤٢).
عبود، حيدر وهاب، (٢٠١٢) ، دراسة في مشكلة تأخر إقرار الموازنة العامة، مجلة دراسات قانونية - بيت الحكمة – بغداد، العدد(٣٥).
العكيلي، علي مجيد، (٢٠٢٠)، تـأخر إقرار الموازنـة العـامـة للـدولـة وأثرهـا على مبـدأ الأمن القـانوني، مجلـة الكوفـة للعلوم القـانونيـة والسياسية، المجلد(١٣)، العدد (٤٧)، الجزء(٢).
علي، ضياء عباس، (٢٠٢١)، اثر تأخر اقرار الموازنة العامة على مؤسسـات الدولة وموظفيها، مجلة جامعة تكريت للحقوق، السـنة (٦)، المجلد(٦)، العدد(١)، الجزء(١).
محمد، لقاء ياسين حسن، (٢٠٢٤)، الأزمات الاقتصادية و أثرها على شرعية النظام السياسي أزمة اقرار الموازنة العراقية لسنه ٢٠٢٣م (انموذجا)، مجلة حمورابي، العدد(٤٩).
مصـطفى، مصـطفى سـالم، (٢٠٢٣)، حق رئس الدولة في الاعتراض مشـاريع القوانين (دراســة مقارنة)، مجلة العلوم القانونية، المجلد (٣٨)، العدد (١).
فاروق و بيدار، (٢٠٢٣)، حســام الدين محمد و د.محمد ، موقف المُشرــع العراقي من الحســـاب الختامي، المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية، العدد(٩)، ص٣٠٨.
فرحان، شيماء معروف، (٢٠١٨)، اشكالية العلاقة بين الحكومة الاتحادية وحكومة اقليم كردستان، مجلة المستنصرية للدراسات العربية والدولية، مجلد(١٤)، العدد(٦٢).
كاظم، د.علي عبدالرحيم، (٢٠٢٣)، حوكمة إدارة الموازنة المالية في العراق: المعوقات والآليات الإصــلاحية، مجلة تكريت للعلوم السياسية، المجلد(٤)، عدد(خاص).
مهنا، محمد فؤاد، (١٩٥٧)، القرار الإداري في القانون الإداري المصرــي والفرنسيــ،مجلة الحقوق للبحوث القانونية والاقتصــادية، كلية الحقوق الجامعة الاسكندرية، العدد(٣).
دستور جمهورية العراق لسنة(٢٠٠٥) النافذ .
القاتون الاساسي العراقي لسنة(١٩٢٥) الملغي.
قانون اصول المحاسبات العامة رقم(٢٨) لسنة(١٩٤٠)الملغي.
قانون الموازنة العامة الموحد للدولة، رقم(١٠٧)، لسنة(١٩٨٥)الملغي.

قانون الإدارة المالية والدين العام رقم(٩٤) لسنة(٢٠٠٤) الملغي.
قانون الموازنة التكميلية الاتحادية رقم(٣٤) لسنة(٢٠٠٨).
قانون الإدارة المالية الاتحادية رقم(٦) لسنة(٢٠١٩)المعدل.
قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنوات(٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩، ٢٠١٠، ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٣، ٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧، ٢٠١٨، ٢٠١٩، ٢٠٢١).
قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنوات المالية(٢٠٢٣ - ٢٠٢٤ - ٢٠٢٥)، قانون رقم(١٣) لسنة(٢٠٢٣).
نظام السلطة في الامور المالية العراقي رقم(١٧١٥) لسنة(١٩٢٤).
قرار مجلس قيادة الثورة (المنحل) رقم (١٠٤)، سنة (١٩٧٤).
قرار المحكمة الاتحادية العليا رقم(١٠٣/اتحادية/٢٠١٥) الصادر في(١٠/١٨/ ٢٠١٥).
قرار المحكمة الاتحادية العليا رقم(٣٩/ اتحادية /٢٠٠٨) الصادر في(٢٠٠٨/٧/٣١).
الحسابات الختامية لجمهورية العراق للسنتين(٢٠٠٥-٢٠٠٦) المصادق عليها من قبل مجلس النواب العراقي بموجب قراره المرقم(٢٤) لسنة (٢٠١٥).
الحساب الختامي لجمهورية العراق للسنة المالية(٢٠٠٧) المصادق عليه من قبل مجلس النواب العراقي بموجب قراره المرقم (٦) لسنة (٢٠١٦).
الحساب الختامي لجمهورية العراق للسنة المالية(٢٠٠٨) المصادق عليه من قبل مجلس النواب العراقي بموجب قراره المرقم (٢٨) لسنة (٢٠١٦).
الحساب الختامي لجمهورية العراق للسنة المالية(٢٠٠٩) المصادق عليه من قبل مجلس النواب العراقي بموجب قراره المرقم (٢٧) لسنة (٢٠١٦).
الحساب الختامي لجمهورية العراق للسنة المالية(٢٠١٠) المصادق عليه من قبل مجلس النواب العراقي بموجب قراره المرقم(٢٦) لسنة(٢٠١٦).
الحساب الختامي لجمهورية العراق للسنة المالية(٢٠١١) المصادق عليه من قبل مجلس النواب العراقي بموجب قراره المرقم(٢٥) لسنة(٢٠١٦).
محضر جلسة مجلس النواب العراقي رقم(٩) المنعقدة في(٢٠١٣/١/٢٨).
محضر جلسة مجلس النواب العراقي رقم(١٣) المنعقدة في(٤/ ٣/ ٢٠١٣).
محضر جلسة مجلس النواب العراقي رقم(٢) المنعقدة في (٢٣/ ٧ / ٢٠١٤).
بيانات البنك الدولي للسنوات (٢٠٠٣ - ٢٠٢٤).
العيداني، عامر جاسم، (٢٠٢٤)، تأثيرات تأخير إقرار الموازنة العامة في العراق: تداعيات اقتصادية وسياسية عميقة، مقال منشور على موقع وكالة آشور الأخبارية،
https://www.ashurnews.com/%D8%AA%D8%A3%D8%AB%D9%8A%D8%B1%D8%A7%D8%AA-%D8%AA%D8%A3%D8%AE%D9%8A%D8%B1-%D8%A5%D9%82%D8%B1%D8%A7%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%88%D8%A7%D8%B2%D9%86%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D9%85%D8%A9-%D9%81/ .
وزارة التخطيط العراقية، الجهاز المركزي للاحصاء وتكنولوجيا المعلومات، المجموعات الاحصائية للسنوات(٢٠٠٣ - ٢٠٢٤).